باقر پرهام

# کۆمەڵگە و دەوڵەت

وەرگێڕانی لە فارسییەوە:
سابیر مورادی - کەماڵ ئەمینی

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی – ٢٠١٣

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی ڕۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخ‌و دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لەبوارە هەمەجۆرەکاندا.

**کۆمەڵگەو دەوڵەت**

**باقر پرهام**

**وەرگێڕانی: سابیر موورادی – کەمال ئەمینی**

**پێداچوونەوە: ڕەفعەت موورادی**

**بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری‌و پێگەیاندنی کادیران**

**سلێمانی ـ ٢٠١٣**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان (١٠١٢) ساڵی ٢٠١٣**

**دیزاین‌و بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**تیراژ: (٢٠٠٠) دانە**

**زنجیرە: (٤٩٤)**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

**سەرپەرشتیاری کتێب**

**عوسمان حەمەڕەشید گوون**

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی وەرگێڕ ........................................................ | ٥ |
| پێشەکی نووسەر ...................................................... | ١٠ |
| هێزو دەسەڵات ..................................................... | ١١ |
| دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆیی .......................... | ١٦ |
| دەوڵەتشار یان پۆلیس ............................................ | ٢٠ |
| جیهانی کەونارا و کۆمەڵگای مەدەنی ......................... | ٣٠ |
| وڵاتداریو جیهانداری ................................................ | ٣٤ |
| جیهانگیری و جیهانداری رۆژهەڵات ............................ | ٥١ |
| دوێنێو ئەمڕۆی کۆمەڵگای مەدەنی ............................ | ٧٢ |

# پێشەکی وەرگێڕ

سەرەتا و بەر لە هەموو شتێك هەر نەتەوەیەك دەبێ بزانێت کە ئاستی بەرهەمهێنانی لە تەواوی بوارەکانی فیکر و فەلسەفە و زانست و مێژوودا چەندە... ئەگەر هات و گەیشتینە ئەو بڕوایەی کە کتێبخانەکەی تارادەیەك دەوڵەمەند نییەو هەژارە لە هەر کام لەم بوارانەدا، ئەبێ هەوڵ بدات لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ئاستی هۆشیاری و کەلتووری نەتەوەکەی زیاد بکات.

ئەگەر سەرنجی کتێبخانەی هەر گەل و نەتەوەیەك بدەین، دەبینین بەرهەمی وەرگێڕدراو ڕێژەیەکی باڵای کتێبی ئەو کتێبخانەیەی پێکهێناوە بەڵام بە داخەوە لای ئێمەی کورد هەر چەندە کە کتێبخانەی دەوڵەمەندمان لە بواری فیکر و فەلسەفە و زانستدا نیە، تا ئێستاش هەوڵی جیدی بۆ وەرگێڕانی ئەم بابەتانە تا ڕادەیەك کەم بووە، زۆرێك لەخەڵکی ئێمە نامیلکەیەکی شیعری کرچ و کاڵیان زۆر لە لا پەسەندترە لە وەرگێڕانی شاکارێکی جیهانی، بەڵام خوشبەختانە ئەمڕۆ و لەم ساڵانەی

دواییدا تەوژمی وەرگێڕان شەپۆلێکی باشی بەخۆوە بینیوە و کەسانیك هەوڵی باش و چاکیان داوەو توانیویانە لەزۆر بواردا بەتایبەت ئەو بوارانەی سەرەوەدا دەست بە وەرگێڕان بکەنو بتوانن کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکەن.

ئێمەش وەکو کەسانێك کە هەمیشە خولیای ئەوە بووین کە ببینە تاکێکی ئەم کۆمەڵگا کوردییە، کە بتوانین لە دەوڵەمەندکردنی ئەم کتێبخانەیەدا شوێنە دەستمان دیار بێت، هەستاین بە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمە بە نرخە، ئەگەرچی لەو بڕوایەدام ئەم کارەی ئێمە خاڵی لەعەیبو هەڵەو کەم و کوڕی نییە، بەلاَم تا ئەو جێگایەی کە پێمان کراوە هەوڵی خۆمان داوە کە شتێکی باش و لەبار بخەینە بەردەستی خوێنەرانی ئازیزی کورد هیواداریشین لەدوای ئێمە نەوەیەکی تازەتر بەهەناسەیکی تازەترەوە بتوانن بۆ جاریکی تر بەرێکو پێکی ئەم جۆرە بەرهەمانە پێشکەش بەخوێنەران بکەن.

ئەم کتێبەی کە لەبەردەستاندایە: واتە ((کۆمەڵگا و دەوڵەت)) هی نووسەری بەناوبانگی ئێرانی ((باقری پەرهامە)) کە مەبەستی لەم بابەتە شیکردنەوەی چەند باسێکی جۆراوجۆرە لەنێو کۆمەڵگادا، لەوانە:

کۆمەڵگای مەدەنی لە سەر چ بنەمایەك دروست دەبێ؟ ئازادی چییەو سنوورەکەی تا کوێیە؟ یاسا چییە؟ شۆڕش چییە؟ هەروەها لەبارەی پرسە چارەنووسسازەکانی سەرەوەو پرسە گرنگەکانی دیکەی وەکو شێوازەکانی کۆمەڵگای مرۆیی، چەمکەکانی زاڵبوونی کولتوریو سیاسیو پلەو پێگەی دەسەلاَتی سیاسیو مافی مرۆڤ.

هەروەها لەم كتێبەدا باسی دەوڵەتشار یان پۆلیس لەڕوانگەی ئەرستۆوە كراوە، هەروەها باسی شێوازەكانی حكوومەت لەرۆژهەلأت و رۆژئاوادا، لەجیهانی كەوناراوە تا جیهانی ئەمڕۆ دەكات و باسی مرۆڤی رۆژئاوایی و رۆژهەلأتی هەروەها دەسەلأتدارانی ئەو دوو لایەنە دەكات، بەشێوەیەك كە ئەرستۆ پەیوەندی دەسەلأت بە سێ جۆر دابەش دەكات: یەكەم: پەیوەندی نێوان خوداوەندەكانو بەندە، دووەم: پەیوەندی نێوان پاشاو فەرمانبەر، سێهەم: پەیوەندی سیاسی.

هەروەها لەم كتێبەدا باسی كۆیلە بوونی مرۆڤی رۆژهەلأتیمان بۆ دەكات كە هەرگیز لە هەڵبژاردنی دەسەلأتدارانی خۆیاندا هیچ رۆڵێكیان نەبووە، بۆ نموونە هیرۆدۆت باسی داریوش پاشای ئێران دەكاتو دەڵێ: داریوش لەگەڵ شەش كەس لە گەورەكان و سەردارەكانی هەخامەنشی كەوتنە بیری ئەوەی بە چ شێوازێك دەسەلأتدارێك بۆ ولأت هەڵبژێرن، ئوتانس كە یەكێك بوو لەو حەوت كەسە گوتی: (( بەڕای من سەردەمی ئەوە نەماوە كە یەك كەس لەنێو ئێمەدا بەسەر هەموو خەڵكدا حكوومەت بكات، باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ ڕای خەڵك))، بەلأم داریوش دەڵێ: ئێمە هەرگیز لەرێگەی دیموكراسییەوە ئەم ئازادییەمان بەدەست نەهێناوە، بەڵكو ئەم ئازادییە تەنیا دەرئەنجامی هەوڵی یەك كەسە، ئەویش كورشی گەورەیە،

کەواتە پێشنیار ئەکەم تاکە ڕێگا بۆ حکوومەت، حوکم کردنی یەك کەسە بەسەر هەمووانـدا، کەوابوو بەو جۆرەی ئۆتانس پێشنیاری ڕای گشتی ئێرانییەکانی دابوو بۆ هەڵبژاردنی شای ئێران، ئەنجامەکەی ئەوە بوو ئەو شەش کەسە بڕیاریانـدا لەکازیوەی بەرەبەیانـدا هەموویان بەسواری ئەسپ بڕۆنە دەرەوەی شارەوەو ئەسپی هەر کەسێکیان زووتر بحیلێنێ تاج و تەختی شاهی بۆ ئەو بێت. واتە هەڵبژاردنی شای ئێران لەسەردەمی هەخامەنشی دا بەحیلاندنی ئەسپ دیاری دەکرێت. هەروەها بەشێکی دیکە لەم کتێبەدا هاتووە کە فەرمانڕەوایانی ڕۆژهەڵاتی بەرلەوەی کە کەڵکەڵەی ژیانی خەڵکیان هەبێتو دڵنیگەران بن کە چییان بۆ ئاوەدانی وڵات کردووە زۆرتر دڵنیگەرانی کە چەند وڵاتیان داگیرکردووە چ گەلانێکی تریان بە کۆیلە گرتووە و ... هتد هەروەها زۆر بابەتی دیکەی تر کە لێرەدا بۆ خوێنەرانی بەڕێز بەجێ دەهێڵم.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێم دەقی کتێبە فارسییەکە تارادەیەك سەختو دژوار بوو، چەندجار لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویستم کاك کەماڵی ئەمینی ئەم دەقەمان خوێندەوە و چەندجار وەرمانگێڕا و دواتر دڕاندوومانەو سەرلەنوێ وەرمانگێڕاوە تاکوو ئەوەی ئەم دەقەی ئێستای لێ کەوتووەتەوە کە لەبەردەستی ئێوەی ئازیز و خۆشەویستدایەو خاڵی لەهەڵەو کەم و کورتی نیە، زۆر سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەین کە هەڵەو کەم و کورتییەکانمان بۆ ڕاست بکەنەوەو هیوادارم توانیبێتمان لانیکەم درزێکی بچووکمان لە کەلێنی کتێبخانەی کوردی پڕ کردبێتەوە،

هەروەها سوپاسی هاوڕێی خۆشەویستمان کاك عوسمانی نووری دەکەین کە ئەرکی ویراستاری ئەم کتێبەی لە ئەستۆ گرت. هەروەها سوپاسی هاوڕێی بەڕێز کاك رەفعەت مورادی ئەکەین کە ئەرکی پێداچوونەوەی گرتە ئەستۆ.

**جوانڕۆ**
**سابیر مورادی**

# پێشەکی نووسەر

مەبەست لەم وتارانەی کە لەژێر ناوی ((کۆمەڵگەو دەوڵەت)) دەخرێتەروو، شیکردنەوەی چەند باسێکی سەرەکییە لەوانە: شێوازە جۆراجۆرەکانی کۆمەڵگای مرۆیی، دەسەڵاتی سیاسیو ئەو ئاڵوگۆڕە کولتوورییانەی بە ئاراستەی دەسەڵات لە کۆمەڵگای مەدەنیدا روودەدات، ڕۆڵو پێگەی ئازادی، یاسا، شۆڕشو مافی مرۆڤ لەم ڕەوتەدا. دەمانەوەێ بزانین کۆمەڵگای مەدەنی لەسەر چ بناغەیەك دروست بووە؟ مانای ئازادی چییەو سنووری لەکوێدایە؟ یاسا چییە؟ و لەچ بارودۆخێکدا، دەتوانێ بەشێوەیەکی مەشروع و رەوا رادەی ئازادی دیاری بکات؟ شۆڕش چییە؟ ئەگەرچی هەر شۆڕشێك بنیاتنەری مەشروعیەتێکی نوێیە، بەڵام ئایا چەمکی شۆڕش بەمانای ڕوخاندنی هەموو راستییەکانە؟ ئایا شۆڕش دەتوانێت بنیاتێکی قورس و بەهێز بێت بۆ دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو شتانەی کە ویژدانی مرۆڤ بە ڕەوایان دەزانێ؟ دواجار ئایا شتێك لە دەرەوەی سنووری چوارچێوەکانو سیستەمی نیشتمانیو چینایەتیو نەتەوەییدا بوونی هەیە کە مرۆڤەکان بتوانن وەکو بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو و راستەقینە پشتی پێببەستن؟

# هێز و دەسەڵات

چاکتروایە لەپێناسەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە دەس پێبکەین، مەبەست لە پەیوەندی دەسەڵات، پەیوەندییەکی ئاگایانەیە کە پێکهاتووە لە فەرمانڕەوایی لەلایەکەوە، فەرمانبەری لەلایەکی دیکەوە، هاتنەدی ئەوەش سەرەڕای ئەوەی پەیوەستە بەبوونی مەیلێکی لانیکەمی لەلایەن فەرمانبەرانەوە بۆ گوێڕایەڵبوون، لەلای فەرمانبەرەکان پێویستی بەدەزگایەك هەیە کە لەکاتی پێویستدا توانای داسەپاندنی ئیرادەی یەك لایەنەی فەرمانڕەوایی هەبێت[1]. دیارە لەم پێناسەیەدا پەیوەندی دەسەڵات پەیوەندییەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتییە؛ ئەگەرچی لەنێوان هەندێ لەبوونەوەرەکاندا (بۆ نموونە مێش هەنگەکان) هاوچەشنی ئەم پەیوەندییە بەدی دەکرێت، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کردەوەی مێشهەنگەکان لەوانە: بوونەوەرە کۆمەڵایەتییەکانیتر، سەرەڕای ئەو هەموو وردبوونەوەو ناسککارییە کە لەناویاندا دەبینرێت کردەوەیەکی سروشتیو غەریزییە، نەك کردەوەی مرۆڤ، کە لەرووی ئاگاییەوەیە.

پەیوەندی دەسەڵات، پەیوەندییەکی زنجیرە ئاسایە، واتە دەرکەوتەیەکە لەدیاردەی سیستەماتیك بوونی ئەو جیاوازییە کاریگەرانەی کە لەناو

کۆمەڵەیەك لە ئەندامەکانیدا بە پێڕەوی کردن لە پرەنسیپێکی گشتی، لەگەڵ یەکداو بۆ یەکتر کاردەکەن.

ئەم بنەما گشتییە بەشیمانەیەکی زۆرەوە پرەنسیپی هاوئاهەنگییە، لێرەدا مەبەست لە زەنجیرە قۆناغ (hierarchie) سازدانی جۆرە هاوئاهەنگییەکە لە کارکردنی ئەندامەکانی کۆمەڵێك بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش، کە ئەو ئەندامانە پێکەوە کۆ دەکاتەوە.

ئەرستۆ ئەم چەشنە پەیوەندییە زەنجیرە ئاسایە لە کۆمەڵگای مرۆییدا بە کەڵك و پێویست دەزانی و لەم بارەوە دەڵێ: ((ئەمەی کە هەندێ کەس فەرمانڕەوا بن و هەندێکی تر فەرمانبەر، نەك تەنیا پێویستە بەڵکو زۆریش بە قازانجە)) پاشان دەڵێ: ((ئەم دوو فاقییە لەنێو بوونەوەرە زیندوەکاندا هەیە، بەڵام تەنیا تایبەت بە ئەوان نیەو لەسەرانسەری پێکهاتەی دنیادا، لەگەڵ وەها شتێکدا رووبەروو دەبینەوە تەنانەت لە شتە بێ گیانەکانیشدا لەوانە: (دەنگە مۆسیقاییەکان) چەشنە پرەنسیپێکی فەرمانـدەری زاڵە[٢]، بە جەختکردنەوە لەڕوانگەی ئەرستۆ، دەکرێت بە دونیای گیانلەبەرەکان ئاماژە بکەین لەم دونیایەدا بەتایبەت گیانلەبەرانی وەکو: (مێش هەنگ، مێروولە، مۆریانەو هەندێ گورگ و سەگی درندە، مەیموون و مرۆڤە نوێیەکان (anthropides) و ... کە بەشێوەی کۆمەڵ دەژین، بوونی پەیوەندی دەسەڵات شتێکی سروشتییە، بۆیە دەبینین کە تاك یان گروپێك (بەشێوەیەکی گشتی نێرینەکان، بێجگە لە مێشهەنگ کە شاژنیان هەیە) بەسەر ئەوانی دیکەدا حوکم دەکەن، باسی فەرمانڕەوایی پتر لە دووشتدا کورت دەبێتەوە: یەکەم سەرزەمین، واتە بەشێ لەو

خاکەی کە گیانلەبەری حاکم بە هەرێمی تایبەت بەخۆی دەزانێ و لە ئەگەری هاتنە ناوەوەی حاکمانێکی تر ((نێرینەکانی دیکە)) بەرگری دەکات. دووهەم زاڵیەتی بەسەر ڕەگەزی مێینەدا کە وەکو دەستەیەکی نیازمەند بە پاڵپشتی ڕەگەزی نێرینە ئەژین. تێڕوانین و خوێندنەوەکان بۆ دنیای گیانلەبەران، زۆرتر پیشاندەری هەوڵ و ململانێی نێرینەکانە لەسەر ئەم دوو بابەتەو بەشێوەیەکی ئاسایی لایەنی دۆڕاو مل دەداتە ژێر رکێف و ئەمری لایەنی زاڵو گۆڕەپانی بۆ چۆڵ دەکات. ئاشکرایە ئەم چەشنە زاڵبوونە، زاڵبوونێکی فیزیکییە، واتە لەسەر بنەمای جەستەییە، هەر بۆیە بە ((یاسای جەنگەڵ)) ناوبانگی دەرکردووە، لە دونیای گیانلەبەراندا بەهێزەکان بەسەر بێهێزەکاندا زاڵن و ئەگەریش دەرفەت بڕەخسێ لە خواردن و لەت و پەرت کردنیشیان خۆ نابوێرن٣.

بەلاّم لەدونیای مرۆییدا بەو شێوە نیە، خواستی دونیای مرۆیی لەسەر ئەمەیە پەیوەندی دونیای گیانلەبەران کە لەسەر بنەمای بالاّدەستبوونە، واتە ئەو پەیوەندییەی کە تەنیا لەسەر بنەمای هێزی تاكو بەشێویەکی یەك لایەنە لە قازانجی تاکێکدایە، بگۆڕدرێ بۆ پەیوەندییەکی نەرمو نیان و ئاگایانەی گشتی بۆ قازانجی گشتی، لەو پەیوەندییەدا پەنا بردن بۆ زۆر، تاکە ڕێگاچارە نیە، بەڵکوو دوایین ڕێگایە. لەبەرامبەر ئەو پەیوەندییەدا کە لەسەر بنەمای هێزو بالاّدەستیدایە، ئەم پەیوەندییە مرۆییە بە ((پەیوەندی دەسەلاّت)) ناوزەد دەکەین، پەیوەندی هێز لەدونیای گیانلەبەراندا، پەیوەندییەکی سروشتییە، بەلاّم پەیوەندی دەسەلاّت لە کۆمەڵگای مرۆیی،

پەیوەندییـەکی کەلتورییـە، لەگـەڵ دوورکەوتنـەوەی مـرۆڤ لـە سروشـت و خولقاندنی دونیای کولتوور، هێز ((force- واتە بەکارهێنانی توندوتیژی جەسـتەیی تـاکی و سـەرەرۆیانە)) کـە لەڕاسـتیدا کـەڵك وەرگـرتنی کۆمەڵایەتییـە لـە هێـز، لـە پێنـاوی قـازانجی گشـتیداو لـە بـارودۆخ و چوارچیوەگەلێکی مەشروع و ڕەوادا، بـەم پێیـە هـەر دەسـەڵاتێك زۆرداری لەگەڵدایـە، بـەڵام هـەموو زۆرداریـیـەك بـەو واتایـەی باسمـانکرد وەك دەسـەڵات بـە ئـەژمار نایـەت، واتـە ناچێتە خانـەی ئـەو دەسـەڵاتەوە کـە باسمان لێکرد.

ڕەوتی مرۆیی بوون واتە فەرهەنگی بوونی واقعێکی سروشتی، ئەمـەش لـە درێـژەی زەمەنـداو بـە تێپـەڕبوونی ئـەزموونێکی زۆر پێـك دێـت، بەتێپەراندنی ئـەم قۆناغانـە کۆمـەڵگای مرۆیـی لـە شـێوەی حاڵـەتێکی تـا ڕادەیەك سروشتی دوورکەوتۆتەوەو کەم کەم بەرەو ئاراستەیەك دەڕوا کە هەموو شتێکی ئیرادی و هۆشیارانەو لەسەر ڕێککەوتنە، واتە پێویستی بـە بـوونو خواسـتو بەشـداریکردنی ئـەو جەماوەرەیـە کـە کۆمـەڵگا پێـك دەهێنن.

## سەرچاوەکان

١)   ناوەڕۆکی ئەم پێناسەیە لە ماکس ڤیبەرەوە وەرگیراوە.

Max weber Economie et societe tome premier plon paris 1971 p.319

٢) Aristotle politics in the works of volume II Britanica great books no 9 Encyclopeadia Britannica inc London-chicago 1952p.447.

لێرە بە دوا لەدرێژەی وتارەکاندا، سەرچاوە دەگەڕێنینەوە بۆ وەرگێڕانی کتێبی ئەرستۆ ((سیاسەت، وەرگێڕانی حەمیدی عەنایەت چاپی سێهەم (دەزگای بلاّوکردنەوەو فێرکردنی شۆڕشی ئیسلامی، تاران ١٣٧١)) کە ژمارەی ئەو لاپەڕەی کە مەبەستە لە دەقی وتارەکەدا هاتووە.

٢)   مەبەست لە خواردن و لەت و پەت کردنی گیانلەبەرێکی هاوچەشنە، ئەگینا خواردنی گیانلەبەرانێکی دیکە کە خوراکی دڕندەکانن شتێکی ئاسایی‌و سروشتییە،

# دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆیی

ئەرستۆ، فەیلەسووفی یونانی لەکتێبی ((سیاسەت)) دا لە بارەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلگای مرۆیی تیۆرگەلێکی هەیە کە بە ڕای من تا ئێستاش دەکرێ وەکو بنەمایەکی فیکری لەم بوارەدا دابنرێت.

بەڕای ئەرستۆ؛ خێزان (family) یەکەمین کۆمەلێ مرۆییە کە ئەندامەکانی ناتوانن بێ یەکدی بژین، پێدەچێ یەکێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خێزان لە بۆچوونی ئەرستۆدا، زەرورەتی سروشتیی خێزان بێت، چونکە پێیوایە: ((بۆ پێکهێنانو بەردەوام بوونی وەچەیە، کە ژن و پیاو ژیانی هاوبەش پێکدێنن. ئەمەش نە لەڕووی ئیرادە و ئەنقەستەوە، بەڵکو بەهۆی پاڵنەرەی سروشتییەوە دێتە ئاراوە ، ئەمەش لە سروشتی هەموو گیاو گیانلەبەرێکدا هەیە تاکوو شتێکی هاو ڕەگەز، وەك خۆیان بەدیبێنن.)) هەڵبەت ئەرستۆ جیا لەوەی کە جووت بوونی دوو رەگەزی جیاواز (نێر و مێ) بەپێداویستییەکی سروشتی دەزانێ بەڵکو پێیوایە بەحوکمی سروشت بۆ دابینکردنی پێداویستی رۆژانە (ماڵ) و ئەندامەکانی خێزان هاوکاری یەکتر دەکەن.

ئەمە پێوەرێکی نوێیە کە لەگەڵ پێودانگی پێشوو، واتە جووتبوونی سروشتی دووکەس، لە دوو ڕەگەزی نێرو مێدا جیاوازە و نیشان دەدا کە بونیاتی خێزان، لەسەر کارتێکردنی توخمگەلی سروشتیو کۆمەڵایەتی دامەزاروە.

پاشان دەڵێ: یەکەمین کۆمەڵگا کە لەچەندماڵێک دروست دەبێت، گوند (villagex)ی ناوە و ئامانجەکانی لە سەرووی دابینکردنی پێداویستییەکانی رۆژانەیە، ئەرستۆ روونکردنەوەی زیاتر نادات، بەڵام لە روونکردنەوەکانی دواتریدا لە بارەی سروشتی ترین جۆری گوند، واتە ئەو گوندەی کە ئەندامەکانی لە زاوزێی خێزانیەك پێك هاتوون، وادەردەکەوێت کە مەبەستی لەوە تەنیا، بە دیهاتنی شێوازێکی زۆر سەرەتاییە لە دەسەڵاتێکی چڕکراوی سیاسی، کە پەیوەندییەکانی نێوان خێزانگەلی دانیشتوو لە سنووری ئەو گوندە رێکدەخات.

لە پێناسەی ئەرستۆدا سەبارەت بە ((سروشتی ترین چەشنی گوند)) دەردەکەوێت ئەرستۆ، پەیوەندی خوێن و خێڵ بە گرنگترین پەیوەندی گرنگی دانیشتووانی گوند دەزانێ، ئەگەرچی لە چەمکی((سروشتی ترین چەشنی گوند)) دا، بەو جۆرە کە ئەرستۆ پێناسەی دەکات چەمکی دژ بە ئەوەش، واتە گوندێك کە ئەندامەکانی لە یەك خێزان پێکنەهاتبن، بەرجەستە دەبێتەوە.

بە باوەڕی ئەرستۆ ئەو سیستەمو دەسەڵاتەی کە لەگوندا، بە تایبەت لە بنەمایی ترینو سروشتی ترین چەشنی دا دەردەکەوێت، سیستمێکە کەتێیدا هەر خێزانیك لەناو گوندا، لە ژێر رکێفی بە تەمەنترین

ئەندامـەکانی خویدایـە(ل ٤). ئەمـەش پیشـاندەری ئەوەیـە کـە ئەرسـتۆ پێیوایە گوند درێژەی (پرۆسەی) گۆڕانی سروشتی خێزانیە.

بە باوەڕی هۆمەر کە ئەرستۆ پشت بە قسەکانی دەبەستێت: ((هـەموو کەسێ بۆ ماڵ و خێزانەکەی خـۆی یاسا دادەرێـژێت، لـەناو گوندیشدا کـە لەچەند خێزانیـەك پێکهاتووە، حکوومـەتی پاشایەتی دروست دەبێـت))، ئەرسـتۆ ئامـاژە بـەوە ناکـات حکوومـەتی پاشـایێتی لـەناو گونـدا لەسـەر چ بناغەیـەك دامـەزراوە، بـەلاَم پێـداگری ئـەو لـە سـەر پەیوەنـدی خـوێن و خزمایـەتی خێـزان پێکهێنـەرەکانی گونـد دەکـات. لەراسـتیدا پیشـاندەری چەشنی بۆچوونێکی خێڵـەکی ئەرسـتۆیە لـە حکوومـەت و سیسـتەمی زاڵ بەسـەر گونـدا، کـە سیسـتەمێکە لەسـەر بنـەمای پەیوەنـدی خزمایـەتی خێزانەکان پێکهاتووە.

بەم پێیـە، لەڕوانگـەی ئەرسـتۆدا سـەبارەت بـە دوو چەشـنی سـەرەتایی کۆمـەڵی مرۆیـی، بـەو ئەنجامـە گرنگـە دەگـەین کـە: یـەکگرتوویی سیسـتەماتیکی ئەندامـەکانی خێـزانو خێزانـەکانی نـاو گونـد، بـەهۆی پەیوەنـدی گـەلێکی خـوێنی هاوبەشـەوە، ئەنـدامی خێزانـەکانیان لەسـەر هـەمان سیسـتمی پـەروەردەیی بـاو لـە خێـزان رادەهێـنن. چەشـنە سەرەتاییەکانی کۆمەڵی مرۆیی، ((واتە خێزان و گوند)) بەر لە هەرشتێك لـەڕێگای یـەکگرتوویی و لێکچـوونی ئەندامـە پێکهێنـەرەکانی خۆیانـەوە دیاری دەکرێن. سەرەڕای ئەمـەش ئـەم دوو جڤاتـە کۆمەڵایەتیانـە، لەژێر فـەرمان و رکێفـی یـەك کەسـدا بـەڕێوە دەچـن، کـە لـەناو خێزانـدا بەتەمەنترین ئەندامـەو لـە گونـدا بـە ناچاری وەك بەتەمـەنترین ئەنـدام

خێزانەکان قبوولیان کردووە. خاڵی جیاکەرەوەی نێوان ئەم دوو چەشنە کۆمەڵگا مرۆییە، لەبوونی جۆری پەیوەندی دەسەڵاتە، کە لەسەرەوە بۆ خوار، واتە لەسەر بنەمای میراتگەریدا یەکێ ڕێسا دیاری دەکات، یان ریساگەلی دیاری کراوی پێشوو ڕاڤەدەکات و بەپێی تێگەیشتنی خۆی حوکمڕانی دەکات و ئەوانی تر گوێ ڕایەڵی لەو ریساگەلە دەکەن. ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی نەگۆڕە و دەتوانین بڵێین هەر بۆ ئەو کەسەیە، هەتا دوایین ڕۆژی ژیانی بەردەوامە.

# دەوڵەتشار یان پۆلیس

ئەرستۆ پاش شیکردنەوەی گوند، روانگەی خۆی سەبارەت بەسێهەمین چەشنی کۆمەڵی مرۆیی دەردەبرێو دەڵێ: ((ئەو کۆمەڵگایە کە لە چەند گوند پێکهاتووە، بە دەوڵەتشار یان پۆلیس ناوزەد دەکرێت، کە دەتوانین بڵێین لەباری دابینکردنی نیازەکانییەوە، پشت ئەستوور بەخۆی گەیشتۆتە ئەوپەڕی گەشە کردنەوە(ل ٤) .

دەستەواژە گەلێکی وەکو((دابینکردنی پێداویستییەکان))و ((ئەوپەڕی گەشە)) نیشاندەری ئەمەیە کە ئەرستۆ پێیوایە، بابەتی هاوکاری، بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان، یەکێ لە پێوەرە گرنگەکانی دروست بوونی کۆمەڵی مرۆییەو هەرچەندە کۆمەڵی مرۆیی بەرفراوانتر و ئاڵۆزتر بێت رادەی هاوکاری کۆمەڵایەتی زۆرترە، لە باوەڕی ئەرستۆدا ((دەوڵەتشار)) چەشنێکە لە کۆمەڵی مرۆیی کە لەرووی دابینکردنی نیازەکانی خۆیەوە بەوپەڕی گەشە ((بێ نیازی) گەیشتووە.

ئەم وتەیە وادیارە نە لەسەردەمی ئەرستۆدا راست دەرچووە و نە لەئێستاشدا: چونکە لەو سەردەمەدا هیچ دەوڵەتشارێ نەبوو کە لە باری دابینکردنی پێداویستیەکانی خۆی، بە ئاستی گەشە و بێ نیازی تەواو

گەیشـتبێت وەك چـۆن ئەمرۆکـەش هەروایـە. بـەم پێیـە لەپێناسـەی ئەرستۆدا، بەو جۆرەی کە باسی لێکرا دەبێ تەنیا ئەم خاڵە لەبەرچاو بگرین کە پرەنسیپی دروستبوونی دەوڵەتشار لەبنەڕەتدا لەسەر ئەم نیازە زاتییـە دامـەزراوە کـە دەوڵەتشـار هـەموو پێداویسـتیەکانی خـۆی دابـین دەکات.

بەبڕوای ئەرستۆ لەنێوان کۆمەڵە مرۆییەکاندا ئـەم واتایـە بەتـەواوەتی لـە دەوڵەتشـاردا ڕەنگـی داوەتـەوە، بەواتایـەکی دیکـە، لەگـەڵ پێکهـاتنی یەکەمین سەنتەری ژیانی کۆمەڵایـەتی مـرۆڤ، ڕەوتێـك دەسـتی پێکـردووە کە دەبێ کامڵ بوونی ئەو ڕەوتە لە چوارچێوەی دەوڵەتشاردا بدۆزینەوە.

لـەوەڵامی ئـەم پرسـیارەدا کـە بـۆ چەشـنی ئـەو ڕەوتـە لەدەوڵەتشـاردا گەیشتە ترۆپکی گەشـەکردن؟ ئەرسـتۆ دەڵـێ: ((سروشـتی هـەر شـتێك لـە کامـڵ بـوونی (لوتکـەی) ئـەو شـتەدایەو دەوڵەتشـار لوتکـەی کامـل بـوونی کۆمەڵگاکانی دیکەیە.)) ئەگەرچی خێزان و گونـد لـە ڕەوتـی گۆڕانکارییـە مێژووییەکاندا لە پێشەوەی دەوڵەتشاردان، بەڵام ئەرسـتۆ دەڵـێ: ((دەوڵـەت شار) لەروانگەی سروشتییەوە، لە پێشـەوەی خێـزانو تـاك دایـە)) چـونکە بـە بۆچـوونی ئەرسـتۆ گونـد پێکهـاتووە لـە چـەندین خێـزان، بـەم پێیـە دەکـرێ بڵـێین بـە بۆچـوونی ئەرسـتۆ، دەوڵەتشـار لەپێشـەوەی خێـزان و گونددایـە، هەڵبـەت مەبەسـتی ئەرسـتۆ لـە ((ڕوانگـەی سروشـتی)) ڕەوتـی گـۆڕانی سروشـتی دیاردەکـان نیـە، بـەڵکو مەبەسـت ((سروشـت و زاتـی شتەکان))ە ئەگەرچی لـەم بەشـەی کتـێبی سیاسـەتدا، بەشـێوەیەکی خێـرا ئامـاژەی پێـدراوە، بـەڵام لـە فەلسـەفەی ئەرسـتۆدا ((ئینتیلـەخیا))

(entelechie) ناوزەد دەكرێ. لەپێناسـەی ئەرسـتۆدا ((ئینتیلـەخیا)) – بەتایبـەت لـە میتافیزیكـدا – فـۆرم یـان لـۆژیكی (=لوگـوس) بـە كردەیـی (فعلیەت) كردنی ئەو وزە شاراوەیەیە كە شـیاوی بـەكردەیی بوونـە، واتـە وەك باسـی لێكـرا كۆمـەڵی مرۆیـی لـەزاتی خۆیـدا، خـاوەنی گەشـەیەكی شاراوەیەو ئەو چەشـنەش لـە كۆمـەڵی مرۆییـە كـە ئـەم گەشـە هێزەكییـە تێیدا دەگاتە ئەوپەری گەشەی كردەیی بەدەوڵەتشار ناسراوە .

ئەرســتۆ ئامــاژە ئــەدات بــەوەی كــە دەوڵەتشــار لــە دابینكردنــی پێداویســـتییەكانی خـــۆی بەتـــەواوەتی گەشـــە دەكـــات، بابـــەتی پێداویستییەكانو دابینكردنی ئەو پێداویستییانەی لە پێشەوەی بابەتـە گرنگەكاندا داناوە، دەبێ بزانین چ شتێ بووەتـە هـۆی ئـەوەی كـە ئەرسـتۆ جەخت بكاتە سـەر ئـەو تێگەیشتنە تایبەتـە لـە دەوڵەتشارو بـەكاملترین كۆمەڵگای مرۆیی ناوی بەرێت.

بــەڕای مــن بــۆ وەڵام دانــەوە بــەم پرســیارە، دەبــێ لەســەر بــیرو بۆچــوونەكانی ئەرســتۆ، ســەبارەت بــەو پەیوەندییــەی كــە ئێمــە بــە ((پەیوەنـدی دەسـەڵات)) ناومـان هێنـا، بوەسـتین، چـونكە دابینكردنـی پێداویستییەكان بەتایبەت لە روبەرێكی بـەربڵاودا پێویسـتی بـە هاوكـاری هەیـە، هاوكـاریش بەتایبـەت لەئاسـتێكی بـەرینترد واتـە لەگـەڵ ژمـارەی زۆرتری جەماوەر لەئاستێكی بەرفراوانتر و لەگەڵ بابەتگەلێكی ئاڵۆزتردا، بـەوجۆرەی بەشـێوەی سروشـتی لـە بـاڵاترین شـێوازی كۆمـەڵی مرۆییـدا چاوەڕوانی لێـدەكرێت، بـە ناچـار پێویسـتی بـە زەنجـیرە پلەیـەكی كارامـە هەیـە، دەشـزانین لـەم بـوارەدا گـرنگترین تـوخمی ئـەو زنجـیرە چـونیەتی

جێبــەجێ کردنــی دەســەڵات یــان پەیوەنــدی نێــوان فــەرمانڕەوایی‌و فەرمانبەرییە. وەك بۆمان دەرکەوت ئەرستۆ لەسەر ئەم باوەڕەیە کە وەها دیاردەیـەك پێویستی‌و زەمینـەی هاتنـە ئـارای ژیـانێکی شارسـتانییە واتـە لەتوخمە کارکردییەکانی پێشکەوتنیەتی، بەڵام ئەرستۆ لەروونکردنـەوەی چەشنەکانی فـەرمانڕەوایی‌و فەرمانبەریـدا بـە ئـەنجام گـەلێك دەگات کـە بـەبڕوای ئێمـە نهێنی گەشـەی سروشـتی دەوڵەتشار لەچاو چەشـنەکانی دیکەی کۆمەڵگای مرۆیی تێیدا دەردەکەوێت.

ئەرســـتۆ دەڵـــێ: ((هەنـــدێ لـــە گیانلەبـــەران لەهـــەمان ســـەرەتای لەدایکبوونیانـدا، بـۆ فەرمانبـەر یـان فـەرمانڕەوا بـوون دەخولقێنـدرێن. ل١٠)) پێدەچـێ مەبەسـتی ئەرسـتۆ لـە فـەرمانڕەوایی یـان فەرمانبـەری کـردن، لایـەنی ڕەهـای مانـایی بێـت، نـەك لایـەنی ڕێـژەیی. لـە لایـەنی ڕێژەییـدا تاکـەکان هەنـدێجار فـەرمانڕەوان و هەنـدێجاریش فەرمانبـەر. بەواتایـەکی دیکـە پێدەچـێت ئـەوەی ئەرسـتۆ لـە داتـا سروشـتییەکاندا تێگەیشتووە، لەلایەکەوە فەرمانڕەوایی ڕەها لەژێر ناوی خوداوەندەکانەوە بێت، و لەلایەکی ترەوە فەرمانبەری ڕەها بەبیانووی کۆیلەبوونەوە بێت.

ئەرستۆ دەڵێ: ((هەر کەسێك بە حوکمی سروشت خاوەن ئیرادەی خۆی نەبێــت‌و ژێردەســتە بێــت. [یــان لــە خزمــەتی دیترانــدا بێــت] دیــارە کۆیلەیە.)) لەشوێنیکی تـردا دەڵێ: ((کـە وابـوو سـەلێنرا بـەحوکمی یاسـا سروشـتییەکان، هەنـدێ لـە مرۆڤـەکان جوامێر (ئـازادە)ن‌و هەنـدێکی تـر کۆیلەن، کۆیلە بوونیش بۆ ئەوانە هەم بە کەڵکە و هـەم ڕەوا)) ئەگەرچـی خـودی ئەرسـتۆ لـە هەڵـەکانی ئـەم بابەتـە ئاگـادارە بۆیـە خێـرا دەڵـێ:

((کەسانێك بەپێچەوانە بیر دەکەنەوە مافی خۆیانە چونکە لەڕاستیدا زاراوەکانی کۆیلەو کۆیلەیەتی مانایەکی روونیان نیە. چونکە لە بەرانبەری کۆیلە بوون بەحوکمی سروشت چەشنە کۆیلە بوونێکی تر هەیە کە ئەنجام و دەسکەوتی یاسا و رێسا مرۆییەکانە، واتە ئەو کەسانەی کە لەشەڕدا بە دیلی گیراون بوونەتە کۆیلە)) بەلاّم هەوڵ دەدا بە بەڵگەی ئەوەی ((هەندێ جار ئەگەر فەزیلەت ئامێرە مادییەکان لەخۆبگرێت، هێزێکی سەر سوڕهێن بۆ زۆر لێکردن بە دەستدێنێ بەمەش بەبەردەوامی لایەنی بەهێزتر لە چاکەدا زاڵترە، بەم پێیەش ئەو گومانە دروست دەبێت کە چاکە هەرگیز لە زۆرداری جیا نەبێت، ل ١٢)) و بابەتی کۆیلەیەتی بەپاساوی بەهێزی جەستەیی کۆیلەدار کە بە بڕوای ئەو زاڵیەتی ئەخلاقیشی لەگەڵدایە - ڕەوایی پێببەخشێت، کۆی ئەو شتانەی کە ئەرستۆ لە کتێبی یەکەمی ((سیاسەت))دا لە بارەی کۆیلەیەتییەوە گوتوویەتی تەژییە لە دژواری و گومان، چونکە لە بڕگەی ١٢٥٥ ب — هەمان کتێبدا، لە راستی ئەو شتەی کە باسی لێکرا گومان دەکات و دەڵێت: ((هەموو ئەو کەسانەی کە بە کردەوە کۆیلە یان جوامێر((ئازادە))ن بەشێوەیەکی سروشتی، کۆیلە یان جوامێر نین. ل١٥)).

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەرستۆ پەیوەندی دەسەلاّت بە سێ جۆر دابەش دەکات: پەیوندی نێوان خوداکان و بەندە، پەیوەندی پاشاو فەرمانبەر، پەیوەندی سیاسی. ئەرستۆ پەیوەندی یەکەم لە چوارچێوەی خێزاندا تەسك دەکاتەوەو پێیوایە بەندەکان لەناو خێزاندا، ئامرازگەلێکی زیندووی خوداکانن‌و حاکم بوونی خوداکان بە سەریاندا تەواو و ڕەهایە

((فەرمانبەر نەك تەنیا خزمەتكاری خوداكانە بەڵكو بە تەواوی بوونیەوە موڵكی خودایە)).

ئەرستۆ سەبارەت بە پەیوەندی نێوان پاشا و فەرمانبەرەكانی دەڵێ: ((سەرەتا، شارەكان لەژێر دەسەڵاتی پاشادا بوون هەر بەو جۆرە كە هێشتاش بێگانە رەگەزەكان بەوشێوەیە دەژین، چونكە ئەو شارانە لە كۆی تاكگەلێك پێكهاتبوون كە ملكەچی حكومەتی پاشایەتین. بەم مانایە كە هەر خێزانێك لەژێر دەسەڵاتی بە تەمەنترین ئەندامی خۆیدا بوو، كاتێك خێزانەكانیش لەدەوری یەكدی كۆ بوونەوە بەهۆی (پەیوەندی) خزمایەتی ئەندامەكانیانەوە، حكومەتی پاشایەتی لەناویاندا سەریهەڵدا، ل٤ )) لە شرۆڤەكانی ئەرستۆدا دەردەكەوێت كە، حكومەتی پاشایەتی لەسەرەتای دروست بوونیدا، لانیكەم چەشنە حكومەتێكی خێڵەكییە، كە لە یەكێتی خێزانە هاوخوێنییەكان پێكهاتووە.

دواتر ئەرستۆ لە كتێبی سێهەمی ((سیاسەت)) برگەی ١٢٧٩ ئەلف — دا دروست بوونی حكومەتی پاشایەتی بە چەشنی لەحكومەت دەزانی كە لەپێناوی دابینكردنی قازانجی گشتیدا كە پێوەری حوكمڕانی باشە، بەلاَم هەموو دەسەلاَتەكانی ئەو حكومەتە لەدەستی یەك كەسدایە(ل١١٩). بەلاَم لەوێدا كە چەشنەكانی دەسەلاَت لەچوارچێوەی خێزان، گوندو دەوڵەتشاردا بەراورد دەكات دەسەلاَتی شاهی لە دەسەلاَتی خودایی نێزیك دەكاتەوە و دەسەلاَتی خوداكان بەسەر بەندەكاندا لە بەرانبەری دەسەلاَتی سیاسەتوانان (بەسەر هاوولاَتییەكانیان) دادەنێ. ئەرستۆ لە لاپەڕەی یەكەمی كتێبی سیاسەتدا دەڵێ: ((جیاوازی نێوان دەسەلاَت پاشاو

سیاسـەتمەداران لەوەدایـە کـە پاشـا خـاوەنی دەسـەڵاتێکی ڕەهایـە، بـەڵام سیاسـەتمەداران بـەپێی یاسـا و پرەنسـیپی ئیـدارە کردنـی وڵات حکومـەت دەکاتو جاروبار فەرمانڕەوا و جاروباریش فەرمانبـەرە))(ل١) ئەرسـتۆ لـە پێناسـەی دەوڵەتشـاردا دەڵێـت: (( ئـەو کۆمەڵگایـە کـە لـە هـەموو کۆمـەڵگاکانی دیکـە مـەزنترە و کۆمـەڵگاکانیتر لـەخۆ دەگـرێ و بـەدوای بەختەوەرییـەکی (مـەزن) دایـە، ئەمـەش هـەمان ئـەو کۆمەڵگایەیـە کـە ((دەوڵەتشار یـان کۆمـەڵگای سیاسـی پـێ دەگـوترێ)) (ل ١٠) بـەڕێوەبردنی وەهـا کۆمەڵگایـەك لـە دەسـتی سیاسـەتمەدارەکانەوەیە، ((سیاسەتمەدارەکانیش تەنیا بەسەر ئەو کەسانە حوکم دەکەن کە بـەپێی سروشت جوامێر(ئازادە)ن، ل١٦)). بۆیە ئەوە بەختەورەییـەکی مەزنـە کـە ئەرسـتۆ دەسـتەبەرکردنی بـە ئامـانجی دەوڵەتشـار (پـۆلیس) دادەنێـت. لەراسـتیدا ئـەوەش شـتێك نیـە بێجگـە لـەدابینکردنی پێداویسـتیەکانی کۆمـەڵگای مرۆیـی (لـە ئاسـتێکی کامڵـدا) کـە دەرئـەنجامی حکومـەتی جوامێرەکانە بەسەر جوامێرەکانی تردا، هەڵبەت، وەك دەزانین لە یونـانی کۆندا ئەم جوامێرانە، پێناسەیەکی روون و ئاشکرایان هەبووە کە هـەموو دانیشتوانی نـاو سـنووری جوگرافیـای ((دەوڵەتشاری))[1] لـەخۆ نـەگرتووەو

---

[1] لە وەرگێڕانی فارسی ((حەمیدی عەنایەت))دا بابەتی وشەی ((پۆلیس))دا وشەی ((شـار)) دانراوە، کە لە حاڵەتگەلێکی ئاشکرا و بەرچاودا کێشەوگرفتی ناوەتەوە. مەبەست لەم وشـەیە – هەر بەو جۆرەی کە لە وەرگێڕانی ئـەوروپی کتێبی ((سیاسـەت)) دا دەبیـنین ((دەوڵـەت)) یان ((وڵات)) ە. ئێمەش بە سەرنجدان لە چەشنی دەوڵەتی ئەسینایی وەرگێڕانـی ئـەوەمان بـە ((دەوڵەت شار)) بە چاکتر زانی.

بەشێکی زۆری ئەم خەڵکە کۆیلە لە مافە کۆمەڵایەتیەکان بێبەش بوون. ڕێسای بێبەش بوونی کۆیلەکان لە مافە کۆمەڵایەتییەکانیان بەتوندو تیژییەکی وەهاوە بەڕێوە دەچوو کە تەنانەت فەیلەسووفێکی وەکو ئەرستۆ، بە تۆمەتی ئەوەی کە دایکی، کچی کۆیلەیەکی ئازاد کراو بوو تاوانبار دەکراو لەمافە شارستانییەکانی خۆی لە ئەسینا بێبەش بوو. (ل ١٣) بەڵام ئەگەر لەو چوارچێوە تەسکە مێژوییەی دەوڵەتشاری ئەسینادا بێینە دەرەوەو تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکەی لە دەوڵەتشاردا دەژیان کۆیلە نەبوون، بەڵکو ئازادە و شارومەند بە ئەژمار دەهاتن، هەربەو شێوەیەی کە شوناسی کۆمەڵگای سیاسی دەوڵەتشاری لەسەر بناغەی ئەم پێناسەیە لەبارەی چەمکی هاووڵاتییەوە دانرابوو، ل١٠٠، بیرۆکەیەکی نوێ بوو، تەنیا لە دەوڵەتشاردا بوو کە خەڵکەکەی وەك هاووڵاتیگەلێکی ئازاد حوکمی خۆیان دەکرد. ئەرستۆ گوتەنی: کاروباری شار لە دەستی ئەو سیاسەتمەدارانەدا بوو کە لە مافی ئەندام بوون لە دام و دەزگا ئیداریو دادوەرییەکاندا بەشدار بوون.

ئەندامەکانی کۆمەڵگای سیاسی، بەپێچەوانەی تاکی (ناو) خێزانەکانی ژێر دەسەڵاتی خودایانو هەروەها دانیشتوانی گوندەکان، خەڵکێکی یەکگرتوو و هاوچەشن نین. ئەرستۆ لەو ڕەخنەگەلە کە ئاراستەی کۆماری ئیشتراکی ئەفلاتوون دەکات زیاتر لەسەر ئەم خاڵە جەخت دەکاتەوە کە ئەم کۆمارە ((بە دروستکردنی توخمگەلی لەڕادەبەدەر هاوبەش لەنێوان ئەندامەکانی خۆیدا (لە باری هاوبەشی ژنان و ماڵ و منداڵ) پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، لە پێکهاتەی خێزان و خێڵ نێزیك

دەكاتەوەو تاكەكان لە دەستەگەلێكی هاوفورم و لێكچوودا رێك دەخات. لەحالێكدا كە كۆمەلگای سیاسی لەگەڵ خێڵدا جیاوازی هەیە(ل٤٢) دەوڵەتشار چەشنە كۆمەلگایەكە كە تۆخمە پێكهێنەرەكانی، لە باری چۆنیەتییەوە لەگەڵ یەكدا جیاوازیان هەیە و جیاوازییە تاكە كەسییەكان لەناو دەوڵەتشاردا لە هەر كۆمەلگایەكی تر بەرجەستە ترە. چۆن دەكرێ كۆمەڵێكی پێكهاتوو لە توخمە جیاوازەكان، بتوانێ لە فەرمانڕەواییدا یەكیەتیەك بێنێتە ئاراوە؟

ئەرستۆ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئاماژە بە گرنگترین تایبەتمەندی كۆمەلگای سیاسی دەكات و دەڵێ: ((هێنانە ئارای تاكە فەرمانڕەوایی یان تاكە حاكمیەتێكی سیاسی لە دەوڵەتشاردا، لە رێگەی یەكسانی مافی ئەندامە پێكهێنەرەكانیەوە دێتە دی. ئەم یەكسانیەش بە واتای مافی بەشداری كردنی تاكەكانە لە حكومەت و ڕەخساندنی بەستێنێكە بۆ ئەوەی تاكەكان بتوانن فەرمانڕەوا بن)).

ئایا ئەمە بەو مانایەیە كە تەواوی خەڵكی دەوڵەتشار لە یەك كاتدا فەرمانڕەوایی دەكەن؟ ئەرستۆ ئەوە بەراست نازانێ‌و دەڵێ: ((هەموو تاكەكانی دەوڵەتشار ناتوانن لە یەك كاتدا فەرمانڕەوایی بكەن. بەڵكو دەبێ بەشێوەی یەك لەدوای یەك، بۆ نموونە بۆ ماوەی ساڵێك — یان بەهەر شێوەو ماوەیەكی تر بەو پلەیە بگەن بەمجۆرە تەواوی خەڵك (یەك لەدوای یەك) لە كاری حكومەتدا بەشدار دەبن)) (٤٣) بەمەش تایبەتمەندییەكی سەرەكی دیكەی كاری سیاسەتمەدارو جیاوازی ئەو كارە لەگەڵ بارودۆخی حكومەتی شاهی و خوداكانمان بۆ دەردەكەوێت، كاری

سیاسـەتمەدار کـاتێکی دیـاریکراوی هەیـەو ئـەو دەسـەڵاتەی کـە کۆمـەڵگا بەسیاسەتمەدارانی دەسپێرێت، دەشکرێ لێـی وەربگیرێتـەوە، فـەرمانڕوایی هەتا هەتایی بوونی نیە، بێجگە لەهەنـدێ حاڵـەتێکی سـەمبولیك نـەبێت، ئەم حاڵەتەش بەکردەوە لەدەرەوەی بازنەی جێبەجێ کردنی دەسەڵاتدایە (بەمانای واقعی وشە) بەکورتی دەوڵەتشار چەشنە کۆمەڵگایەکی سیاسییە کە ئەندامەکانی لە باری چۆنیەتییەوە لەگەڵ یـەکتردا جیاوازییـان هەیـە، بـەڵام سـەرەرای ئـەم جیاوازییانـە لـە یـەك شـتدا هاوبەشـن ئـەوەش مـافی ((هـاوولاّتی بوونـە)). ئەندامـەکانی دەوڵەتشـار هـەموویان ((هـاوولاّتین)) هـەر بـەو هۆیـەوە بەشـێوەی یەکسـانی مـافی حاکمیـەتی سیاسـییان هەیـە. فـەرمانڕەوایی سیاسـی لـەم کۆمەڵگایـەدا تـەنیا تایبـەت بـە یـەك کـەس و لایــەنێك نیــە، بــەڵکوو دەتــوانن بــەنۆرە پلەوپایــەی فــەرمانڕەوایی بەدەسـتبهێنن. هـەر کەسـی بـەپێی لێهـاتووی تاکـە کەسـی خۆیـەوە پلـە و پێگـە سیاسـییەکانی پـێ دەسـپێردرێتو ئـەم پێگـە سیاسـییەش قـابلی وەرگرتنەوەیـە. لـە دەوڵەتشـاردا پلـەو پایـەی میراتـی و هـەتا هـەتایی (پادشاهی) بوونی نیە، بێجگە لە حاڵەتی سیمبۆلیك نەبێ کە پێشتر باسی لێکرا .

# جیهانی کەونارا و کۆمەڵگای مەدەنی

پێشتر هەوڵمان دا بەپێی راڤەکانی ئەرستۆ لە کتێبی ((سیاسەت))دا دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی لە چوارچێوەی ((دەوڵەتشار))دا بخەینە پێش چاو، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەزموونی مرۆیی کۆمەڵگای مەدەنی، بۆ یەکەم جار لە یۆنانەوە دەستی پێکردووە، یان لە هەمان وڵاتدا بە چاکترین قۆناخەکانی خۆی گەیشتووە.

هەندێ لە خاوەنڕایان، مۆدێلی کۆمەڵگای مەدەنی بەمانا باوەکەی کەچەمکیکی رۆژئاواییە، دەگەڕێننەوە بۆ ((شاری یونانی))، بەڵام پێدەچێ راستییەکەی شتێکیتر بێت. لە راستیدا: ئەزموونی کۆمەڵگای مەدەنی لە چوارچێوەی دەوڵەتشارەکاندا، وەکو زۆربەی ئەزموونە شارستانیەکانی مروڤ لە رۆژهەڵاتی (دایکەوە) دەستی پێکردووە.

گریمان حەقیقەتی مێژوویی نیشاندەری ئەوە بێت کە رۆژهەڵاتی دایك، دایکێکی نامیهرەبان و بێتاقەت بووە و ئەرستۆ گوتەنی: نەیتوانیوە ئەو مندالأنەی لەداوێنی خۆیدا بەدیهێناون بەشێوەیەکی دروست پەروەردە بکاتو بە لوتکەی گەشەی سروشتیان بگەیەنێت، کەچی زڕدایکێك واتە

ئـەو شـتەی کـە بـە بنـەمای شارسـتانیەتی رۆژئـاوایی دێتـە ئـەژمار – منداڵەکانی لێی وەرگرتووە و لەداوێنی خۆیدا پەروەردەی کردوون‌و خـۆی کردۆتـە خاوەنیـان، هـەر ئەمەشـە کـە بـە شارسـتانیەتی رۆمـی – یونـانی ناوبـانگی دەرکــردووە. ئێمــە راڤــە پێشــووەکانی خۆمــان بــە کتــێبی ((سیاسەت)) ی ئەرستۆوە دەست پێکرد، بەڵام لە زمانی فارسیدا کتێبێك لەبارەی بەسەرهاتی کۆمـەڵگای مـەدەنی لـە جیهـانی کـەونارادا هەیـە، کـە لــەڕووی ناوەڕۆکــەوە لــە کتــێبی ((سیاســەت))ی ئەرســتۆ کــەمتر نیــە، مەبەسـتم، کتـێبی ((مێـژوی فیکـرو ئەندێشـە لەسـۆمەریەوە تـا یونـان‌و رۆم)) نووسـینی مێژوونووسـی سیاسـی و بـەناوبانگی هاوچـەرخ، ((دکتـور فەریـــدوون ئادەمیـــەت۱ )) کـــە لـــە توێژینـــەوەکانی ســـەبارەت بـــە گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە مێـژووی کۆنـدا، ئاسـۆگەلێ نوێمـان بۆ دەکاتەوە.

لـە ڕابـردووی دووردا خـەڵك بەشـێوەی ئێسـتا ئاگایـان لەیـەکتر نـەبوو، شـارەزاییەکانی ئـەمڕۆی ئێمـە قـەرزداری پەرەسـەندنی دەسـتکەوتەکانی زانسـت [تـەکنولۆژیا] و بـوونی دام و دەزگاکـانی راگەیاندنـە، کـە تـەواوی جیهانی داگیر کـردوە. لـە حاڵێکدا زانیارییـەکانی خـەڵکی دنیـای کـەونارا ســەبارەت بــە [دۆخــی] کۆمــەڵگای دیکــە، لەرێگــەی وتــەو بیســراوەی سەفەتەوە بـوو کـە بەشـێوەیەکی پـەرش و بـڵاو لێـرە و لـەوێ بـەرگوێیان دەکـەوت. زانسـتی مێـژوو لـەو سـەردەمەدا لـە سـەرەتای لـە دایکبوونیـدا هێشــتاش بــە پرەنســیپە زانســتییە ئــەزموون کراوەکــان و ئــامێرە پێشکەوتووەکانی بواری توێژینەوە دەوڵەمەنـد نـەکرابوو، هـەموو ئەمانـە

ببـــوون بـــەهۆکارێك کـــە تەنانـــەت فەیلەســـووفگەلێك لـــەڕادە و ئاســـتی ئەرستۆشدا لەسەر زۆرینەی دیاردەکان شارەزاییەکی ئەوتۆیان نەبێتو لـە داوەرییـــەکانی خۆیانـــدا ڕێگـــەی هەڵـــە بگرنـــە بـــەر. ئەگەرچـــی ئەرســـتۆ لەکتێبی: ((سیاسەت))دا جگە لە ئەسینا، باسی ((کرت)) و ((کارتاژ)) یـش دەکـاتو سـەرنجیان دەخاتـە سـەر، بـەڵام بـە گشـتی بـواری کـاری ئەرسـتۆ بەستێنی یونان – ئەسـینایەو لـە شـیکارییەکانی خۆیـدا پـتر لـە ئەسـینا و کۆمەڵگە سیاسیەکانی دەوروبەری ئەسینا ورد دەبێتەوە، بەپێی بۆچوونی ئەرســـتۆ، خـــەڵکی دەرەوەی [جوگرافیـــای] یۆنـــان، وەکـــو بەربـــەر نـــاوزە دەکـرێن بـەو جـۆرە کـە ئەرسـتۆ لـە چـەند جێگـەی کتێبەکەیـدا ئامـاژەی پێـدەدات: بەربـەرەکان کەسـانێ بـوون کـە زۆرتـر لەخـەڵکی ((هلـن)) بـە فەرمانبەریو خزمەتکاری خوویان گرتووە.(ل ٢:١٤١)

بـــەڵام ئەمڕۆکـــە، زانیـــاری مێژوونووســـەکان لەســـەر وتـــەو بیســـراوەی پـــەرشو بـــڵاو ناتـــەواو کـــورت ناکرێتـــەوە، میتـــۆدی زانســـتیش لـــەژێر کاریگەریو ڕکیفـی ڕوانگـە قەومییەکانـدا - لـە چەشـنی ئـەو بـاوەڕەی کـە ئەرسـتۆ سـەبارەت بـە بەربـەرەکان هـەیبوو، نیـەو ئەگەرچـی هێشـتاش زاڵیەتی ڕوانگەی ئایدیولۆژییەکان بـۆ نموونـە لـە کـەوڵی یۆنـانی گـەری و یۆنانی دۆسـتیدا لەسـەر زۆربـەی سـەنتەرە زانستییەکاندا و لای زاناکانـدا بەردەوامە، بەڵام پێشکەوتنەکانی ئەو زانستانەی کە یارمەتیدەری زانستی مێژوون، لەوانە: شوێنەوارناسیو دەرکەوتنی ئەو بەڵگانەی کە سەدان ساڵ لـەژێر خاکـدا بـوونو هـەروەها زیـادبوونی لێهاتووییـەکانی مـرۆڤ لـە ساخکردنەوەو ڕاڤـەی ئـەو بەڵگانـەدا، بوونەتـە هـۆی ئـەوەی مـرۆڤ بـۆ

پیاچوونەوەی رابردووی خۆی، رۆژ لە دوای رۆژ تواناتر بێت. هەر لێرەوە ئەمەش رێگەیەکی بۆ سەرهەڵدانی ویژدانی زانستی مرۆڤ خۆشکردووە. هەر بەم بۆنەوە، پیاچوونەوەی تیۆرە مێژووییەکانی رابردوو کە ئاوێتەی روانگەی رەگەزیی یان نەتەوەیی بووە، لە مێژەوە دەستی پێکردووە، سەیر لەمەدایە کە ئەم پیاچوونەوەیە، لە بنەمادا کاری خودی زانایانی ئەوروپییە، لەسایەی خوێندنەوەو توێژینەوەکانی ئەم بیرمەندانەیە کە ئێمەی رۆژهەڵاتی چاکتر پلەو پێگەی مێژوویی خۆمان دەناسین.

کتێبی ((مێژووی فیکر لە سۆمەرەوە بۆ یونانو رۆم)) لەسەر بنەمای پێشکەوتنگەلێکی وەها نووسراوەو بەسەرهاتی کۆمەلگای مەدەنی لەجیهانی کەونارادا، لەسەر پرەنسیپگەلێکی واقیع بینانەتر شیدەکاتەوە.

# وڵاتداریو جیهانداری

نووسەری ئەم کتێبە بەپاڵپشتی خویندنەوەی مێژوویی و توێژینـەوەی شوێنەوارناسـی ئەوروپییـەکان دەردەخـات، دەوڵەتشـارەکان لەهـەزارەی چوارەمی پـێش زایینـدا، لەناوچەی میزوپۆتامیـای باشـوور، لـەنێوان دوو روباری دیجلەو فرات دا پێك هاتوون، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ سەرهەڵدانی شارستانیەتی سۆمەری.

ئـەم پرۆسـەیە لەگـەڵ پێشـکەوتنی شارنشـینیو شارسـازیدا دەسـت پێـدەکات. هێشـتا هـەزارەی چـوارەمی پـێش زایـین، تـەواو نـەبووە، کـە کۆمەڵێك پێك هاتوو لە پانزدە شاری ((تەواو گەشە کردوو)) بـەدی دێت. هەر یەکەیەکی شاری پێکدەهات لەخودی شارەکەو مەزراکانی دەوروبەری. ژمارەی جەماوەری هەندێ لەم شارانە بۆ نموونە شاری لاگاش Lagach- نزیکی پێنـج سەد هەزار کـەس مەزنـدە کـراوە. خاوەنـدارێتی زەوییـەکانی ناوشار تاکە کەسی بوو، بەڵام کیلگەکان هاوبەش بوون. ((وەرزێرەکان یـان لەمەزرای پەرستگاکان ئیشیان دەکـرد یـان لـە مـۆڵکی ئاغاکانـدا، هـەروەها

یان ڕەعیەت بوون یان وردە ماڵك بوون، هەر وەرزێرێك بۆخۆی ماڵ و باخی هەبوو)).

قۆناغی دووەم، پەرەسەندنی بازرگانییە ((زێڕ و زێو و قوڕقوشم (سورب) لە ئاسیای بچووك، مس لە عومان (کەنداوی فارس) و قەلع لە ڕۆژهەلاتی ئێران و شامات، مرواری لە بەحرەین، لاجورد بۆ ڕازاندنەوەی پەرستگەو بیناکان – لە بەدەخشان، دار- ، دروست کردنی کەشتی لەدارستانەکانی شامات، هەرهەمووی دەهێنرا بۆ شارەکانی سۆمەر)) بازرگانی لە دەست چینی بازرگاندا بوو، ئەگەرچی ئەوان خۆیان سەر بە پەرەستگاو حکومەت بوون. پیشەورانیش لە کاری خۆیاندا ئازاد بوون. بەهۆی گەشەی ئابوورییەوە سکە هاتە ناو بازاڕەکانەوە.

بانکەکان (Bank) سەریان هەڵداو خاوەن پیشەکان پارەی پێویستی خۆیان لە بانکی پەرستگاکان یان لە کەسانی سوودخۆر لە کەرتی تایبەتەوە بەقەرز وەردەگرت.

لە باری کلتوورییەوە: ((خەت داهێنراو گەشەی کرد، هونەر و ئەدەب بەدیهاتنو تەلارسازی پەرەی سەندو بناغەی زانستی ماتماتیكو هەندەسە دانرا... سۆمەرییەکان بۆ ژمارەگەلی: دە(١٠) و سەد (١٠٠) و هەزار(١٠٠٠) و ملیۆن (١٠٠٠٠٠٠) نیشانەگەلێکیان دانا)).

(چیرۆکە حەماسییەکانی گلگامێش و نینۆرتا، دوو نموونەی بەناوبانگی ئەدەبی سۆمەرین). (ل٢١-١)

هەر شارێکی سۆمەری خاوەن نەخشەی خۆی بوو. نەخشەی شاری دێرینەی ((نەیپوور)) بە ڕادەیەك جوان و ناسك نەخشێنرابوو کە

شوێنەوارناسەکان وەکو نەخشەی ڕێنما کەڵکیان لێ وەردەگرتو توێژینەوەکانیان بە یارمەتی ئەو نەخشەیە بە ئەنجام دەگەیاند. ((ئەم شارانە هەر بەپێی ئەو سیستەمە ئیدارە دەکران کە پێشتر لەژێر هێڵە گشتییەکانی دەوڵەتشار لەسەردەمی ئەرستۆدا باسمان لێکرد)).

تورکید جاکوبسن((Th. Jacolbson)) ئەم سیستەمەی بە ((دیمۆکراسی سەرەتایی)) ناوزەد کردووە و لەم بارەوە دەڵێت: ((... لە سیستەمی نوێی دەوڵەتشاردا [سۆمەر] دەسەڵاتی سەرەکی سیاسی بەدەستی ئەنجومەنی گشتییەوە بوو کە لە هەموو پیاوە پێگەیشتوو و جوامێر(ئازاد)ەکان پێکدەهات. وەك باو بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەی کۆمەڵگا، لە ئەستۆی ئەنجوومەنی پیرانی شاردا بوو، بەلاَم لە قەیرانی ناکاوی وەکو مەترسیو شەڕ، ئەنجومەنی گشتی شار، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەسەلاَتی ڕەهای دەدا بە یەك کەس، هەر بەو جۆرەی کە ئەنجوومەنی شار توانای بەخشینی ئەو دەسەلاَتەی هەبوو، دەیتوانی لە پاش ڕوداوی ئەو دەسەلاَتەش وەرگرێتەوە. (ل.٢٣)

کۆیلەکانو منداڵانو لەوانەیە ژنانیش لە ئەنجومەنی گشتی شاردا مافی دەنگدانیان نەبووە. (ل.٢٤) هیچ کارێکی کۆمەلاَیەتی جێبەجێ نەدەکرا، مەگەر ئەوەی لەپێشدا ئەنجومەنی گشتی شار پەسەندی کردبێت. ئەم ڕێسایە بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسی پەرەستگای گشتی شار و هەروەها بۆ کاری سیاسی فەرمانڕەواکانیش بەکاردەهات. (ل.٢٥)

((فەریدوونی ئادەمییەت)) دەڵێت: ((لە زمانی سۆمەریدا حاکمی شاریان بە ((ئیشاکۆ))(iskakkou) ناو دەبرد. پێدەچی یەکەمین

فەرمانڕەوا یان ئیشاکۆکان هەڵبژێردراو بووبن. کە ئەنجومەنی گشتی توانای وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و لابردنی فەرمانڕەوای هەبوو.(ل.٢٦). بەباوەڕی ئادەمییەت ((بوونی شارستانییەت لە شارداو پەرەسەندنی هەمەلایەنەی چالاکییە مادییەکان سەقامگیرکردنی سیستەمی یاسایی زەروری دەکرد (ل.٣٠) و ئەم یاسایەش کە سەرەتا لەژێر ناوی چەمکی ((میهری ئیزەدی))دا دەرکەوتبوو، کەم کەم بەئاراستەی چەمکی ((دادگەری یاسایی)) ڕۆیی‌و ((دادگەری بوو بە راستییەك)) (ل.٣٠). ئادەمیەت، سەرهەڵدانی دەوڵەت لە کۆمەڵگەی سۆمەری دا بە ئاکامی گۆڕانی هێمنانەی ئەم سیستەمە شارییە دەزانێ، لە نیوەی هەزارەی سێهەمی پێش زاییندا ((یەکگرتوویی‌و چڕ بوونەوەی دەسەڵاتی)) لێکەوتەوە، دەوڵەتشارە سۆمەرییەکان لە ساڵی ٢٢٥٠ پێش زایین لەلایەن ((ساراگۆن))وە داگیرکران، هەروەها ((ساراگۆن)) یەکەمین دەوڵەتی چەق بەستووی لە ((ئاکاد))دا دروست کرد.(ل.٣٥-٣٤)

لە هۆکارە گرنگەکانی پەرەسەندنی بازرگانی و جێگۆرکێ تاك و گروپەکان یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی دزەکردنی شارستانیەتی سۆمەری لە دەوروبەری دەریای ڕەشدا، کە دامەزراندنی سیستەمگەلێکی هاوشێوەی دوورگەی کرت (دەوڵەتی مینوویی - Minoian) و ئاناتولی (دەوڵەتی هیتی – Hittite) باکووری ئەفریقا (= تونس - دەوڵەتی کارتاژ)ی لێکەوتەوە. ((دەسەڵاتی سیاسی لە هیچ کام لەم دەوڵەتانەدا، نەبوو بە دەسەڵاتێکی ڕەهاو... پاساوی میتافیزیکی بوونی نەبوو، واتە فەرمانڕەواکان نەخۆیان بە خودا دەزانی و نە بە نوێنەری خودا، هەروەها

نەهاوشێوەی بەختە نەسری بابلی بوونو نە پلەوپایەی فیرعەونییان بۆ خۆیان بەڕەوا دەزانی)) (ل.٤٨).

سیستەمی خەتی، چەشنە دەوڵەتێکی خانەدانی و پاشاێتی بوو کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی نێوان شارە سەربەخۆکاندا پێکدەهات، پەیوەندییەکانی پاشا و دەزگا سیاسییەکان لەو دەوڵەتەدا، لەسەر بناغەی قەولّ و قەرار و ((سوێند)) و وەفاداری گرەنتی دەکرا. ئەنجومەنی گەورەکان و ئەریستوکراتەکان ئەنجومەنێکیان هەبوو کە شالیاریان هەڵدەبژارد و بەناوی ئەنجومەنەوە تاجی پاشاییان پێشکەش دەکرد. دەسەلاّتی ئەم ئەنجومەنە تەنانەت پاش بە میراتی بوونی پاشایەتی وەك خۆی مایەوەو ئەنجومەن توانای دادگایی کردن و لابردن، یان تەنانەت لەسێدارەدانی پادشای هەبوو، ئەم سیستەمە کە بە بۆچوونی "ئادەمییەت" چەشنە ((مەشروتییەتێکی سنووردار)) بوو لە نێزیکی ١٢٠٠ پێش زایین بەدەستی فیریجییەکان لەناو چوو.(ل.٥٢).

ئەو کۆچەرانەی کە لە هەزارەی سێهەمی پێش زایین دا، دوورگەی کرتیان داگیر کرد ((لە قەومگەلی سومەر و شامات)) بوون و هیچ گومانێك لەپەیوەندی کولتووری ئەوانە لەگەڵ سۆمەری – ئاکادی دا نیە،(ل.٥٥). لە مێژووی جیهانی کەونارادا، پاش سۆمەر، دووهەمین کۆمەڵە شاری سەربەخۆ بە دەستی ئەو کۆچەرانە بنیات نرا. ئەم شارستانییەتە شارییە ((ئەلفو بێو خەتو ماباقی توخمە کلتوورییەکانی دیکەی سۆمەری – ئاکادی لەوانە: ل ئەدەب و هونەر و... و زانست و تەکنولۆژیایان لە ڕێگەی کۆچەرە سۆمەری و فینیقییەکانەوە بەدەست

هێنـابوو. دەوڵـەتی مینـوویی (Minoian) کـە لـە کرتـدا دامـەزرا، کـۆی شارگەلێکی سەربەخۆ بـوو کـە هـەر شـارێ بـۆ خـۆی ئەنجومـەنی گشـتی و فەرمانڕەوایی هەبوو. فـەرمانڕەواکان وەکـو پاشـا لـە شـارە سـەربەخۆکانی سۆمەریدا حکومەتیان دەکـرد. بـە پێچـەوانەی شانشـینە رۆژهەڵاتییـەکان کــە رەنـــگ و بـــۆی ئـــایینیو ئاسمانییـــان هـــەبوو سروشـــتی دنیاییـــان لەخۆگرتببوو، (ل ٦٢.) بەشێوەی گشتی حکومەتی کرت، کۆماری بوو)) کە پرەنســیپی بەخشــینی دەســەڵاتو هــەروەها وەرگرتنــەوەی ئــەوان، لــە سۆمەرەوە سەرچاوەی دەگـرت (ل.٧٢) [لـە ئـەنجام دا] دەوڵـەتی کـرت لـە نزیکـی ١٤٠٠ پـێش زاییـنـدا بـەهۆی هێرشـی میسـنەئییەکان (بـاو بـاپیرانی یۆنانییـەکان – Mycenaean) لەناو چـوو. بـەڵام ئـەم نەتەوەیـە شـارە جوانــەکانی کرتیــان لەوانــە:(کنســوس) تــاڵان کــردو ئاگریــان تێبــەردا، لەئەنجامـدا خۆیـان لـەناو سیسـتەمی سیاسـی پێشـکەوتووی ئـەو شـارانەدا توانــەوە. و ئەوشارســتانییەتەی کــە لــە ســەدە ســەرەتاییەکانی هــەزارەی یەکـەمی پـێش زایـین لـە ئەسـینادا گەشـەی کـرد و لـە ((سـولون))ەوە تـا کلیستن و پریکلس چەند سەدەی خایاند، نموونەیەك بـوو لـە وەرگـرتن و پەرەدانی ئەزموونگەلە سیاسی و پێشکەوتووەکانی کـرت، کـە ناڕاسـتەوخۆ لە سۆمەرەوە سەرچاوەی دەگرت.

لـــەڕەوتی دروســـتبوون و پەرەســـەندنی دەوڵەتشـــارەکاندا دەگەینـــە دیاردەی(Constitution) یان پرەنسیپی حکومەت یـان یاسـای بنـەڕەتی دەوڵەتــەکان، کـە لەفەلسـەفەی سیاسـیدا بەشـێکی گـرنگ و بنەڕەتییـە. ئەرستۆ لەنێوان ((کنستی توسـین)) و یاسـا ئاسـاییەکاندا جیـاوازی دادەنـا.

بەڕای ئەرستۆ کونستیتوسین بریتی بوو لە ((چوارچێوەو پێودانگی چۆنیەتی دابەشکردنی پلەو پایە[هێزەکان] و هەروەها پێودانگی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا و ناسینی ئامانجی کۆمەڵگای سیاسی، بەلأم یاسا ئاساییەکان لەگەڵ مادە سەرەکییەکانی یاسای بنەڕەتیدا جیاوازی هەیە، چونکە بەهۆی یاسا ئاساییەکانەوە تەنیا دەتوانی لەوە تێبگەییت کە فەرمانڕەواکان دەبێ بەچ شێوەیەك فەرمانڕەوایی بکەن و چۆن دەستدرێژیکەران بە سزای خۆیان بگەیێنن (ل.٢:١٥٧).

ئەگەر دەوڵەتشار وەکو یەکەمین چوارچێوە یان شێوازی دەرەکی جێبەجێکردنی دەسەڵاتی خەڵك لە سیستمی ((دیمۆکراسی سەرەتایی)) لەقەڵەم بدەین، کونستیتوسیون لە واقعیدا نیشاندەری پێکهاتەی دەوڵەتە کە درێژەی گۆڕانی سروشتی ئەو دەوڵەتشارانەیە وا بەسەر چارەنووسی سیاسی خۆیان لە چوارچێوەی بنەمایەکی چەقبەستوودا زاڵ بوو. کونستیتوسیون ئەو پرنسیپە ناوەکییانە دەستنیشان دەکات کە بە سەر پێکهاتەی دەوڵەتدا زاڵبوون، هەروەها دەرخەری فەلسەفەیەکی کۆمەلأیەتیو سیاسیی تایبەتە کە پێکهاتەی دەوڵەت بۆ بەئەنجام گەیاندنی بەدیهاتووە، ئاوڕدانەوە لە مێژووی گۆڕانی کۆمەڵگای مەدەنی لەجیهانی کەونارادا، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕەوتی دیاردەی کونستیتوسیون یان پرەنسیپە بنەڕەتیەکانی ڕێکخراوەی دەوڵەت – وەکو دیاردەی دەوڵەتشار - لە ڕۆژهەلأتەوە بۆ ڕۆژئاوا و لە کرت و کارتاژەوە بۆ ئیسپارت و ئەسینا سەریهەڵداوە.

((ئادەمیەت)) دەڵێ: شارەکانی کرت، لانیکەم لەسەدەی نۆیەمی پێش زاییندا خاوەنی کونستیتوسیون بوون و هەروەها کونستیتوسیونی کرتو کارتاژ لەپێشەوەی کونستیتوسیونی ئیسپارت بوون و یاسای کرتیش لەپێشەوەی کارتاژەوە بوو. (ل ٦٤) لە سیستەمی سیاسی کرتدا، بەرزترین پلەی دەسەڵاتداری دەوڵەت، بە دەستی لێژنەیەکی دە کەسییەوە بوو کە لەزمانی کرتیدا ((کزموئا))(cosmoi)ی پێ دەگوترا. ئەم دە کەسە لەنێوان خێزان ئەشرافییەکانی کرتدا، کە پێکهێنەری پێکهاتەی ئەریستۆکراسی کرت بوون هەڵدەبژێران، کە ئەمەش لەلایەن ئەنجومەنی ریش سپییەکانەوە بەڕێوە دەچوو. لە حاڵێکدا ئەنجومەنی شار لە تەواوی دانیشتوانی کرت بە پێچەوانەی ئەو لێژنە دە کەسییە کە تەنیا ئاریستۆکراسییەکان تێیدا بەشدار بوون پێکدەهات و هەموو هاووڵاتییەك مافی بەشداریکردنیان تێدا هەبوو. (ل.٦٧) ((دەسەڵاتی ئەنجومەنی گشتی شار)). ((لە چوارچێوەی ئەو پێشنیارە پەسەند کراوانەیەدا بوو کە ئەنجومەنی ریش سپییەکان و کزمۆئا پێشنیاریان دەکرد.)) سەرەڕای ئەمانەش هەموو شارێك خاوەن یاسایەکی تایبەت بۆ دادوەری بوو. ئەوەش لە((بەردە نووسراوەکەی یاسای شاری گورتین(Gortyn) کە لەسەر دیواری دادگا شاردا هەڵواسرابوو، کەوتۆتە دەست و دەقەکەی بلاوبۆتەوە))(ل.٦٨)

((ئادەمیەت)) دەڵێ: شتێك کە لەڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە زۆرگرنگە ئەمەیە کە: دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت و ئەنجومەنی ریش سپییەکان بە هەڵبژاردن دیاری دەکران. بوونی ئەنجوومەنی شار و

پاشـان دەزگـای دادوەری، لەسـەر بنـەمای یاسـا، واتـە لەسـەر ئـیرادەی سەربەخۆیی تاك ڕاوەستابوو، هەر لێرەوە سەرەتای گەشەکردنی تیوری سیاسی دەس پێدەکات. (ل ٧٢- ٧٣) تیوری سیاسی — بەم مانایە — لە یاسـای بنـەڕەتی کارتـاژدا هەنگاوگـەلێکی گـرنگ و پێشـکەوتووترێکی هەلگرت. کۆچەرە فینیقییەکان لە نێزیکی سەد سالّی پێش زایینـدا، کۆمەڵە شارێکی سەربەخۆیان لەباکووری ئەفریقادا بنیات نا، کە لەگەڵ فینیقی بچووك یان ((شاری دایك)) دا پەیوەندی خزمایەتی خۆیان پاراستبوو. کارتاژ بە مانای شاری نوێ گرنگترینی ئەم شارانە بوو کە لە نێزیکی سالّی ٨١٣ پێش زایین، لە لێوارەکانی تونسی ئەمڕۆدا بنیاتنراو کنستی توسیونی کارتاژیش لەچاو یاساکانی کرت و ئیسپارت رۆژهەلاّتیتر بوو و یاساکەشی لە بواری نەهێڵانی هەژاریو دابینکردنی ئاسایشی گشتی، لە دەسکەوتەکانی مێژوی کۆمەلاّیەتی جیهانی کەون ئارایە.(ل.٧٦).

دواکەوتنی دیموکراسی ئەسینایی لەچاو ئەو ڕەوتەی کە لە سۆمەرەوە دەستی پێکردو گەیشتە کرت و کارتاژو لەوێشەوە بەرەو یۆنان و رۆم پەرەی سەند، کاتێ باشتر دەردەکەوێت کە گەشەی ئەم ڕەوتەو لە ((ئەیونی))و دەرنجامەکەی بە گرنگییەوە سەیر بکەین، ئەیۆنی ئەو کۆمەڵە شارەیە کە بەر لە کۆتایی سەدەی نۆهەمی پێش زایین، لەلێوارەکانی ئاسیای بچووك و زەنجیرە دوورگە بچووك و گەورەکانی دەریای ((ئەژە)) دا (باکوری کرت) بنیاتنرا. حەشیمەتی ئەم شارانە تیکەڵەیەکە لە نەتەوە ناوخۆییەکان و کۆچەرە دواییەکانی یۆنان (کە

پێکهــاتبوون لەعەشــیرە گــەلی هلــنی، میســـنەییەکان، یۆنانییـــەکانو ئائۆلییەکان).

ئەم کۆچەرانە لە نیوەی هەزارەی دووهـەمی پـێش زاییـنـدا، هێرشـیان کردە سەر ئەو ناوچانەو پاش تالآنو کوشتار و وێرانکارییەکی زۆر، کەچی دواجارخۆیان لە شارستانیەتی ئەو ناوچانەدا توانەوە. ئەو شارسـتانیەتەی کە بەتەواوەتی لەژێر کاریگەری کولتووره خەتییەکانی سـۆمەر و فینیقـی دا بـوو، بـە هـەر کـام لـەم شـارانە کـە پێکهاتەیـەك بـوو لـەدوانزە شـارو بەندەری گەورەو بچووك، ((ئاتۆپۆلیتی)) (Autoplitan) دەگوترا. ئەم کۆمەڵە شارە لە یەکەمین سەدەکانی هـەزارەی یەکـەمی پـێش زاییـنـدا، لـە باری دارایـی (پـووڵ) و بازرگـانی و پێشکەوتنی پیشەسـازی و دەرهێنـانی سەرچـاوە کانزاییەکانـەوە پێگەیـەکی بـەرزیان هـەبوو. پەرەســەندنی نووسین کە لە فینیقییەکانەوە وەریان گرتبوو – بوو بـەهۆی پێشکەوتنی کەلتوور و ئامادەبوونی بەستێنێك بۆ ڕەوتێکی زانستی نوێ، کە لەسایەیدا تەواوی بوارگەلی زانستی مرۆیی لە ئەدەبەوە بگرە تا هونـەر و ماتماتیـك، مێـژوو، جوگرافیـا، فەلسـەفە، لۆژیـك و تیـورە کۆمەڵایـەتی و سیاسـیەکان بەئاســتێکی بــەرز و سەرســوڕهێن گەیشــتن. شــاری ((ملیتــە)) یــان ((میلتوس)) یەکێ لە ناوەندە گرنگەکانی ئەم پێشکەوتنانە بوو کـە تـالس فەیلەسـووف بــە ناوبـانـگ لـەوێوە سـەری هەڵـدا. ((ئادەمیـەت)) دەڵـێ: ((سیستەمی سیاسی شارە سەربەخۆکان لە دوو لاوە گۆڕانی بە سـەرداهات: یەکــەم یاســای کونســتی توســیون، وە پاشــان دەزگــای ((تیرانــی)) یــان ((جەبارییــەت)). کونستیتوســیون درێــژەی ڕەوتــی کــرت و کارتــاژ و

((تیرانی)) ش دیاردەیەکی سەربەخۆی کۆمەڵگای ئەیونی و شارە دورگە ئاساکانی یۆنان بوو.(ل.٨٩)

جەوهەری کونستیتوسیون لەسەر دوو چەمکی ((رەهترا)) (Rhetra)، کە بە مانای گشتی واتە: ((یاسا)) و ((ئیزونۆمیاIsonomia ) بە مانای ((یەکسانی مرۆڤ)) و ((یەکسان بوون لە بەردەم یاسادا)) دانراوە. بەڵام ئەم یەکسانییە، تا دوایین ساڵەکانی سەدەی شەشەمی پێش زایین تەنیا گەورە و ئەشرافەکانی لەخۆ دەگرت کە هەر بەم هۆیەوە ململانێی کۆمەڵایەتییەکان بەمەبەستی فراوانتربوونی بازنەی بەشداریکردن، بەردەوام لە ئارادا بوو. هەروەها لە کاتە قەیراناوییەکانی ئەمجۆرە ململانێیەدا بۆتێپەڕاندنی سیستەمی سیاسی لە ئاریستۆکراسی سنووردارەوە بۆ دیمۆکراسی بەربڵاو حاکمە زۆردارەکان بەشێوەیەك لەشێوەکان خۆیان دەردەخست. لەگەڵ ئەمانەشدا، سەرەڕای پڕوپاگەندەی ئەم حاکمانە بۆ لایەنگری کردن لە مافی خەڵك، هەمیسان ڕووبەرووی ناڕەزایی خەڵك دەبوونەوە. بەرهەمی شاعیرەکان و بێژەرە ئەیونییەکان تەژیی بوو لە ناڕەزایەتی لە بەرانبەر زۆرداران دا.

یەکێك لە دیاردە سەیرەکانی مێژوو ئەمەیە، لە رەوتی خەباتی دژی زۆرداراندا بۆ پتەو کردنی بنەماکانی دیمۆکراسی، دەسەڵاتی جیهانگیری هخامەنشی یەکانیش لەو رۆژگارەدا بە قازانجی دیمۆکراسی و بە زیانی حاکمەکان شکایەوە. پاش سەرکوت کردنی ئەو شۆرشە کە لە میلتوسدا دژ بە دەسەڵاتی ئێران رێك کەوتبوو، ماردینووس زاوا گەنجەکەی داریوش، لەلایەن پاشای هخامەنشییەوە، بوو بە بەرپرسی ئاسیای بچوك و، بە پێی

وتــەی هــیرۆدۆت هەڵوەشــاندنەوەی دەزگــای زۆرداریو ســەقامگیربوونی دیمۆکراسی لە هەموو شارە ئەیرونیەکاندا راگەیاند. (ل ١٠٣-١٠٠)

ئەندێشەی سیاسی دەوڵەتشاری کە لـە ئەیونیـدا سـەریهەڵدا و پـەرەی سەند، تەنیا ئەندێشەیەك نـەبوو کـە لـە رۆژهەڵاتـەوە سـەری هەڵدابێت، ئـەم ناوچـەیە کـە چـەقی پێکـدادانی کـەلتووری رۆژهەڵاتییـەکان بـووە، بەرەبەرە توانیویەتی تۆخمە ئەفسانەییەکانی ئەو کولتـوورە بسـڕێتەوە و ناوەڕۆکیان زیاتر عەقڵانی بکات.(ل.١٠٦)

ئادەمیەت لەم بارەوە باس لە ڕەوتێکی رووناکبیری دەکات کـە ئـەیونی سـەنتەری سـەرەکی ئـەو ڕەوتەیـە. (بەتایبـەت لـە سـەدەکانی پێنجـەم و شەشـەمی پـێش زاییـندا). گـۆڕانی سیسـتەمی پاشـایەتی بـۆ ((کۆمـاری))، دانــانی یاســای بنــەڕەتی رۆم لەســەردەمی کــەونارادا، دوایــین وەرزی بەسەرهاتی کۆمەڵگای مەدەنییە، کە کاریگەرییەکەی بە تایبەت لـە نێـوان پرەنسیپی جیاکردنەوەی هێزەکانی دەوڵەت لە سەر دەستووری مودێرندا، حاشای لێناکرێت.

بەم چاوخشاندنە خێرایە لەسـەر گۆڕانکارییـەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی لە جیهانی کەونارادا، دەگەینە چەند خاڵێکی گشتی کە بریتین لە:

١) ئـــەزموونی دەوڵەتشـــاری، ئەزموونێکـــە لەچوارچـــێوەی شـــارە سەربەخۆکاندا، کە لـە شارسـتانیەتی سۆمەرییەوەو لـەلێوارەکانی دیجلـەو فورات لەرۆژهەڵاتەوە دەستی پێکردوە. لە نیوەی هەزارەی چوارەمی پێش زاییـندا دەزگایـەك بـەناوی ((ئەنجومـەنی شـار، یەکـەمین بـەردی بناغـەی فەرمانڕەوایی سیاسی لەسەر [پرەنسیپی] بەشـداریو هەڵبـژاردن لەلایـەن

خەڵکەوە لە کۆمەڵگای سیاسی سۆمەری دا داناوە. بەڵام هیچ شوێنەوارێك لە قەومی هیلنی لە مێژوودا بە دی ناکرێت.

یەکەمین نیشانەکانی ئامادەبوونی ئەم نەتەوانە لە مێژووی کەونارادا لە نیوەی هەزارەی دووهەمەوە ئاماژەی پێکرا بەشێوەی هێرش گەلێکی پەرش و بڵاو لە ناوچەکانی باکووری ئەوروپاوە بۆ ناوچەگەلی دەوروبەری دەریای ڕەش، روویداوە. بەدرێژایی ئەم هێرشانەدا، چەند خێڵێکی ئەم نەتەوانە[هلنییەکان] لەگەڵ ژیاری شارستانی دەوڵەتی مینوویی(Minoan) لە کرتدا ئاشنا بوون. ئەگەر ئەگەرچی لەسەر نەریتی سەرەتایی خۆیان واتە جەنگاوەری و کۆچبەری- کە لەچیرۆکی ئلیادیشدا رەنگی داوەتەوە، زۆربەی شارە ئاوەدانەکانی دەوڵەتی کرتیان وێران کرد. بەڵام خۆیان لە ئەنجامدا نیشتەجێ بوون و لەو شارستانیەتە کە چەند سەدە بەر لە ئەوان لەو وڵاتەدا بەدیهاتبوو توانەوە.

٢) دیمۆکراسی سەرەتایی کۆمەڵگای رۆژهەڵاتی سۆمەری کە لە کازیوەی مێژووی جیهاندا سەری هەڵداوە و هەڵگری گەشەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی تازە پێگەیشتوو بوو، لە رەوتی گۆڕانکارییە دواییەکانی جیهانی کەونارادا بە هەمان رادە دەوڵەتێکی کەم خایەن بووە، هێشتاش هەزارەی دووهەمی پێش زایین کۆتایی نەهاتبوو کە بینیمان فەرمانڕەوایی لە ئاسمانەوە دابەزی بۆ زەوی و وڵاتی سۆمەری داگیر دەکات. (ل. ٣٥) هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی ساراگۆنی ئاکادی، دیاردەی ((دەوڵەتی چەق بەستوو، پشت ئەستوور بە دەسەڵاتی سیاسی یەك پارچە))، وەك بڵێی لەوڵاتەکانی رۆژهەڵاتدا بووە بە چەشنە

بەردەوامییەکی سیاسی. بەردەوامییەك کە مەبەستەکەی جیهانگیریو جیهاندارییە.

٣) شان بەشانی بەرەوپێشچوونی دیاردەی جیهانگیری لە چوارچێوەی دەوڵەتگەلێکی سیاسی یەکگرتوو کە پالپشت بوون بە دەسەلاتێکی چەقبەستوو لە رۆژهەلاتدا – کە ئیمپراتورییەتی هەخامەنشی لە نیوەی هەزارەی یەکەمی پیش زاییندا دەرکەوتەی شکۆمەندییەتی، ((دیموکراسی سەرەتایی)) کۆمەلگای سۆمەری کە دەرکەوتەی بوونی دیاردەی دەوڵەتە کە مەبەستی زیاتری وڵاتدارییە تا جیهانگیری و جیهانداری، ئەم دیموکراسییە سەرەتاییە بە جووڵەیەکی خشۆکە ئاساوە لە رۆژهەلاتەوە بەرە و رۆژئاوا، لە لێوارەکانی دیجلەو فوراتەوە بۆ لێوارەکانی دەریای رەش خۆی دەگوازێتەوە. ئەم رەوتەش رەوتێکی گەشەسەندووە کە بەهۆیەوە ((ئەنجوومەنی شار)) و یاساکانی شار بەخێرایی لە کرت و کارتاژ و ئەیونی و دواجار لە ئەسینا رێگا بۆ سەرهەلدان و پەرەسەندنی شێوازێکی نوێی دەوڵەت لە چوارچێوەی ((کێنستی تۆسیون)) – بە مانا ئەرستۆیەکەی – دەکاتەوە. زارەوەی ((پۆلیتی )) – کە لە وەرگێرانی کتێبی سیاسەتی ئەرستۆ و بۆ سەر زمانە ئەوروپیەکاندا، زاراوەی ((کێنستی تۆسیون))ی بۆ دانراوە – لە فەلسەفەی سیاسی ئەرستۆدا پێناسەیەکی دیاری کراوی هەیە: پۆلیتی ئەو چەشنە لە حکوومەتە، کە بە دەستی زۆرینەی هاووڵاتیەکان و بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی گشتی دروست دەبێتو بەگشتی بە کێنستی تۆسیون ناوی لێدەبرێت (دەقی ئینگلیزی سیاسەت. ل.٤٧٦) ئەمەش ئاکامی رەوتێکە کە لە ئەنجومەنی

شاری سوومەرەوە دەست پێدەکاتو بەپێی سروشتی گەشەخوازی خۆی، بە وتەی ئەرستۆ گەیشتووەتە ئێرە.

٤) رەوتی کامڵ بوونی دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی، هاوکاتە لەگەڵ رەوتی کامڵ بوون لە ئاستی ژیار و کولتووردا، وەك بڵێی لەهەر شوێنێکدا کە کۆمەڵگا زۆرترو چاکتر لە شوێنەکانی دیکە، بەسەر خۆیدا فەرمانڕەوایی کردووە [لە واقیعدا] رەوتی پێشکەوتنی دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکانی هاووڵاتیاندا هاوئاهەنگییەکی زۆرتری بووە. ئەو شوێنەش بۆ گەشەکردن و پەرەسەندنی ژیار و کولتوور بەستێنێکی شیاو بووە. ئۆلستێد، لە شیکاری و راڤەی ریشەی فیکری ئەتۆمیسم لە فەلسەفەی دیموکراسیدا، ئاماژە بە گەشەسەندنی یەکەمین زانست لە رۆژهەڵاتدا دەکات – کە هەڵبەت بەهۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتەوە لە بناغەوە روخاوەو لەناو چووە بۆیە دەڵێ: ((هیچ فەیلەسووفێکی یۆنانی بەبێ رەچاوکردنی هەوڵ و تەقەلای پێشتری بابلییەکان توانای پەروەردەکردنی وەها گریمانەیەکی نەبووە. ئەو بابلییانەی کە نە تەنیا بناغەی پتەوی زانستی راستەقینەیان بۆ ئەو بیردۆزییە ئامادە کردبوو، بەڵکوو زۆربەی دەستەواژە پێویستەکانی ئەو بوارەشیان دابین دەکرد. یۆنانییەکان و رۆژهەڵاتیەکان سەرەتا لە وڵاتی بابل دا هاوکاری بابلییەکانیان کرد، بەرهەمی ئەو هاوکارییە گریمانەیەك بوو کە لە زۆر حاڵەتدا جێگەی پەسەندی زانستی تازەشە. لە رۆژهەڵاتدا بە دڵفراوانییەوە ((دیمۆکریتوس)) وەکو هاوپۆل قبووڵکرا و دەرگای خەزێنە زانستییەکانی بابلی بۆ کرایەوە)).(سەرچاوە - ئادەمییەت ل.١١٢)

دەرگای خەزێنە زانستییەکانی بابلی و میسری و بە گشتی رۆژهەڵاتی تەنیا بۆ دیمۆکریتوس نەکرایەوە، بەڵکو مێژوو باس لەوە دەکات کە خەزینە زانستییەکانی رۆژهەلات — وەکو ئەزموونی ((دیمۆکراسی سەرەتایی)) لە شارە سۆمەرییەکاندا بە زوویی رێگەی رۆژئاوا — یۆنان و رۆم — یان گرتەبەر و لەوێدا گیرسانەوە. ئەو خۆرەی کە لە رۆژهەڵاتدا دەرکەوت، بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا لە رۆژئاوادا ئاوانەبوو، بەڵکو درەوشانەوەی زیاتری بەخۆوە بینی و دنیای رووناك کردەوە. ئادەمییەت لە شیکاری رەوتی رۆشنبیری ئەیونی لە زانست و فەلسەفەدا، دەڵێ: ((ئەم راستییە سەرسوڕهێنەرە کە هەموو پێشرەوانی فیکر و زانست لە دەربڕینی بیروڕای خۆیاندا تا ئەو رادەیە ئازاد بوون، لە لایەکەوە نیشاندەری زەینی ئازاد و کراوەی ئەوە ئاوەزمەندانەیەو لەلایەکی ترەوە بەڵگەیەکە لەسەر بوونی ئازادی و نەرمی نواندن لەو کۆمەڵگا کراوەیەدا. لەو شوێنەدا کە ئەندێشە کۆیلەی چوارچێوەکان نەبوو. ((ل.١١٦)) بەپێی ئەم تێگەیشتنە راست و ڕەوایە لە هونەری یۆنانو سوود وەرگرتنیان لە شارستانییەتی نەتەوەکانی دیکەیە، کە یۆنانییەکان بە بناغەدانەری ((شارستانیەتی گەورەی یۆنانی)) لەهەزارەی یەکەمی پێش زایین دەژمێردرێن.

ئادەمییەت [پاشان] لە ستایشی یۆناندا دەڵێ: ((بە دەستهێنانی شارستانیەت خۆی لەخۆیدا پێویستی بە لێهاتوویی و هۆشیاری هەیە(ل.٦١) بەهەرحاڵ هێشتاکەش پرشنگی خۆری رۆژهەڵات بە هەمان هێزەوە لەرۆژئاوادا دەدرەوشێتەوە. تا ئێستاش دەبینین فیکر لە هەر

بوارێکـدا بەرهـەم هـات و ڕێگـەی خـۆی دۆزینـەوە، ڕێگـەی ڕۆژئـاوا دەگرێتەبەر. بۆچی؟

وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە پێویسـتی بـە رامـان و تێڕوانینـە لەبونیاتەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتدا.

## سەرچاوەکان


١) فەرەیدوون ئادەمییەت، کتێبی((مێـژووی فیکـر لـە سـومەرەوە تـا یۆنـان و ڕۆم)) بلاّوکـراوەی دەزگـای چـاپ و پەخشـی ((ڕۆشـنگەران)) تـاران ١٣٧٢ﻫ . لـە دەقـدا ئامـاژە دراوەتە ئەم کتێبە.

٢) ئەرسـتۆ، کتـێبی ،سیاسـەت، وەرگێڕانـی [بـۆ فارسـی] حەمیـدی عەنایـەت چاپی سێهەم – ڕێکخراوی بلاّوکردنەوە و فێرکاری شۆڕشی ئیسلامی، تاران ١٣٧١.

# جیهانگیری و جیهانداری رۆژهەڵات

پێدەچێ کۆنترین دەزگای دەوڵەتی کە مرۆڤ تا ئەمڕۆ ناسیبێتی، و لەمیسردا سەری هەڵدابێت؛ سەردەمی فەرمانڕەوایی یەکەمین خانەدان لە سێ خانەدانی فیرعەونەکانی ئەم دەزگا دەوڵەتییە کە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی کەمتر ناسراوی مێژوو لەهەزارەی چوارەمی پێش زایین. یەکەم فیرعەونەکان خۆیان بە بوونەوەرگەلێکی خودایی دەزانی و جێنشینەکانیشیان — بەتایبەت لە یەکەم خانەداندا — لە پیاوانی ئایینی (کاهن) بوون، پشتگەرمی بەهێزی خوداییان، بە پرەنسیپی حاشا هەڵنەگری فەرمانڕەوایی خۆیان دەزانی. هەر لێرەوە لەناو خەڵکدا فیرعەونیگەرێتی لەگەڵ خودایەتی لە زەویدا وەك یەك دەناسرێ و مێژوونووسان بە گشتی و بە دڵنیاییەوە وێنای کاملی ((پادشاهی ئاسمانی)) — کە رەها بوون تایبەتمەندی سەرەکییەتی- بە تەواوی بۆ دەوڵەتی کۆنی میسر دەگەڕێننەوە(٢١:١).

بەمپێیە دەکرێ بڵێین راست لەوکاتەدا یەکەمین وەرزی سەرەتایی ئیدارەی گشتی کۆمەڵگا مرۆییەکان، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی گشتی و

لە چوارچێوەی ((ئەنجومەنی شاریی)) شارە سوومەرییەکان لە لێوارەکانی باکووری دیجلە و فرات، بە دەستی خودی ئەو کەسانە دەنووسرا، کە پێکهێنەری ئەو کۆمەڵگایانە بوون، فیرعەونەکانی میسر بەردی بناغەی فەرمانڕەوایی خوایی و ڕەهای خۆیان بەشێوەی حوکمی تاك بە سەر هەمووانداو، لە لێوارەکانی ((ئابادنیل)) دانابوو.

لەگەڵ رووخانی سیستەمی دەوڵەتشاریی سوومەری بە دەستی ساراگۆنی ئاکادی، ئیدی مێژوو سیستەمگەلێکی سەربەخۆی دەوڵەتشاریی، لە پانتایی رۆژهەڵاتدا بەخۆوە نەبینیوە. بەپێچەوانەوە پەرەسەندنی فەرمانڕەوایی رەها هاوشێوەی فەروانڕەوایی فیرعەونەکانی میسر – پەرە دەستێنێ و وەك بڵێی لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە وەکو چارەنووسێکی نەگۆڕ، بۆ هەمیشە لە نەتەوە رۆژهەڵاتییەکان جودانەبووتەوەو چارەنووسی ئەو نەتەوانەی لە درێژەی مێژوودا دیاری کردووە.

سەیر لەوەدایە هەر لە سەرەتاوە ئەو چەشنە فەرمانڕەواییە ڕەهایە، لەبازنەی فەرمانڕەوایی بە سەر نەتەوەیەك یان تاکە قەڵەمڕۆیەکی نەتەوەیی لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بەرتەسك دا هاتۆتە دەرەوە و مەیلێکی زۆرتری بۆ جیهانگیری و فەرمانڕەواییەکی بەربڵاو لەسەر چەند وڵاتێك یان کۆمەڵگای مەدەنیدا هەبوو. لە باکووری ئافریقاوە تا نزیکییەکانی کەنداوی فارس و لێوارەکانی دیجلە و فورات خستۆتە ژێردەسەڵاتی خۆیان، پاشان میسرییەکان شوێنی خۆیان بەفەرمانڕەواکانی کلدو ئاشوور داوە کە ئەوانیش (فەرمانڕەوایی کلدو

ئاشـوور) پانتـایی فـەرمانڕەواییان لـە قەڵـەمڕۆی فیرعەونـەکانی میسـر کەمتر نـەبووە. لـە ئەنجامـدا هەخامەنشـییەکان دەسـەڵاتیان بـە دەسـتەوە گرت قەڵەمڕۆی گەورەی ئیمراتووری هیخامنشییەکان لەناو سنوورەکانی رۆژهەلاتدا، تەنانەت لە میسرییەکانش زۆرتر بوو و لە دوایشیدا دەگەینە ئەسکەندەری کوڕی فیلیپی مەگدوونی، کە شوێنە دوورەکانی دونیـا داگیر کرد و کاتێکیش کە مرد شوێنێك نەمابوو کە داگیری نەکردبێت.

بـەم پێیـە ئـەم تایبەتمەندییـەی فـەرمانڕەوایی رۆژهـەڵاتی و بـەراورد کردنـی لەگـەڵ فـەرمانڕەوایی دەوڵەتشـارییدا لـە کۆمەڵگـە مەدەنییـەکانی دەوروبەری دەریای رەش بوو کە ئێمە لە وتارەکـانی پێشـوودا، لەلایەکـەوە باسمان لەوڵاتداری و لەلایەکی دیکەوە لـە جیهـانگیری و جیهانـداری کـرد. وەك بینیمان فەرمانڕەوایی دەوڵەت شاریی، لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا ئاراسـتەی گـۆڕیو لەوێـدا نیشـتەجێ بـوو. فـەرمانڕەوایی دەوڵەتشـارەکان، هەر لەسەرەتاوە بەم تایبەتمەندییە دەردەکـەوێت: کـە لەبنـەمادا ئامـانجی فـەرمانڕەوایی، ئیـداری دەوڵەتشـارەکانو سـامان بەخشـینە بـە کۆمـەڵگای مـەدەنی لـەناو سـنوورەکانی دەوڵەتشـاردا، ئەمـە لـە حاڵێکدایـە کـە فەرمانڕەوایی سیاسی لە کۆمەڵگای مەدەنی لە رۆژهەڵاتدا، هەر لەسەرتاوە بـە خواسـتێکی لـە رادەبـەدەر بـۆ داگیرکردنـی وڵاتـانی دیکـەو بەزانـدنی سنوورەکانی خۆی پێك دێت.

فـەرمانڕەوایی رۆژهـەڵاتیی، بـەر لـەوەی کەڵکەڵـەی ژیـانی خـەڵکی نـاوەوەی شـار و گونـدەکانی وڵاتـی خـۆی هـەبێ دڵنیگـەرانی ئەوەیـە کـە چـەند وڵاتێکـی داگیرکـروەو چ گـەلانێکی بـە کۆیلـە گرتـووەو نێـزەی

سـەربازەکانی تـا کامـە دوورە دەسـتی جیهـان ڕۆیشـتووە؟ ئەگـەر کەسـێ بەوردی سـەرنجی بـەردە نووسـراوەکانی پاشاکانی هەخامەنشی بـدات کـە لەئێراندا بنیاتنـەری فـەرمانڕەوایی چـەق بەسـتووی سیاسـی لـەو وڵاتـەدا بوون بدات، خێـرا لـەوە تێدەگات کـە باسمـان لێکـرد، هیچکام لـەو بـەردە نووسـراوانە، بەتایبـەت بەردەنووسـەکانی پاشا یەکـەمین و بنیاتنـەرەکان، باسی چۆنیەتی باردۆخی خەڵکی وڵاتی خۆیان ناکات، هەروەها باسی ئەوە ناکات کە لـە وڵاتـی خۆیـدا چ کـارێکی بـە ئـەنجام گەیانـدووە، بـەڵام هـەر لەسـەرەتاوە باسـی ئـەو نەتـەوە وڵاتگەلـە دەکـات کـە کەوتوونەتـە ژێـر دەسـەڵاتیی‌و توانیویـەتی بـە سـەریاندا زاڵ ببێـت. لـە کـۆی بـەرد نووسراوەکانی پاشاکانی هەخامەنشی کە ((ریلف نارمەن شارپ- مامۆستای فارسی دێرین، لە زانکۆی پەهلەوی پێشوو لە شیراز – لە کۆبەرهەمێکدا کردوونەتـەوەو وەریگێڕاونـە سـەر زمـانی فارسـی ئـەمڕۆیی، تـەنیا دوو نموونە لە نیمچە پادشاکانی هەخامەنشی واتـە ((ئاریارمـەن))، (بـا پیری کورشـی گـەورە ٥٩٠- ٦٤٠ پ ز) و ئارشـام شـاهی هەخامەنشـی (کـوڕی ئاریارمـەن – ٦١٥ پ ز) دەسـت دەکـەوێ کـە لەسـەر دوو بەردەنووسـی (کەتیبـە)ی خۆیانـدا – کـە لـە ساڵی ١٢٩٩ هـەتاوی (بەرانبـەر بـە ١٩٣٠ ی زایـینی) لەشاری هەمەدانـدا دۆزراونەتـەوە – تـەنیا بـاس لـەوڵاتی پـارس دەکات کـە ((خـەڵکێکی بـاش و ئەسـپ گـەلێکی چـاکیان هەیـە)). پاشـان دەگەینە بەردەنووسی کوورشی گەورە لـە پاسارگادا، کـە لـەو کەتیبەیـەدا تەنیا ئەمە هاتووە: ((من[م] کوروش شای هەخامەنشی))، دواتر دەگەینـە کەتیبەکانی داریوشی گەورە کە کامڵترینیان کەتیبەی بێستوونە. داریـوش

لەم کەتیبەیەدا ، لە دوای پارس کە وڵاتی خۆی بوو لە ٢٢ وڵاتی دیکە ناو دەبات کە تێیدا هاتووە: ((کۆیلەکانی من بوون)). ((باجیان پێ دەدام))، ((ئەوی لەلایەن منەوە گوتراوە، چ شەو چ ڕۆژ هەروا کراوە)) و (( ئەو وڵاتانە بوون کە ڕێزیان بۆ یاساکانی من دادەنا)). داریوش ئەم قسە و باسانەی لە کەتیبەکانی ((تەختی جەمشید)) یشدا دووپات کردوەتەوە و لە کەتیبەی ((نەخشی رووستەم))دا، ئەڵێ ((ئەگەر بیر لەوە دەکەیتەوە داریوش چەندە وڵاتی هەبووە چاو لەو پەیکەرانە بکە کە تەختیان لە سەرپشتە، ئەو دەم بۆت روون دەبێتەوە... کەسانی(نەیزە) پیاوی پارسی زۆر دوور ڕۆیشتووە، بەوەش تێدەگەی کەجەنگاوەرێکی پارسی زۆر دوورتر لەوڵاتی پارس شەڕی کردووە.))

ئاشکرایە کە یاسای روونی ئەم چەشنە داگیرکاری‌و جیهانگیرییە، تەنیا تووڕەیی‌و توندو تیژییە. هەندێ لەم داگیرکەرو جیهاندارانە چیرۆکی ئەم تووڕەیی‌و توندو تیژیە بێ وچانەیان، بە چڕوپڕی و هەندێکیشیان بە ئاماژەیەکی کورتتر ئەم باسانەیان بۆ مرۆڤایەتی تۆمار کردووە. فەرمانڕەوای ئاشور؛ ((ئاشور نازیربال Assournazirbal)) لە سەر یەکی لە کەتیبەکانیدا (٨٨٤ پ ز) بەم جۆرە باسی هێرشێکی خۆی دەکات: ((بە ئەمری ئاشوور و ئیشتار (Ishtar)، خودایانی گەورە و پشتیوانەکانی من، سەرباز و عەرادە شەڕکەرەکانی خۆمم کۆ کردەوە، لە شاخەکانەوە تێپەڕیم و بەرەو کینابو(kinabou)، قەلای هۆلایی(Hulai) ڕۆیشتم. هێرشم بردە سەر شار و لەشەڕێکی توندو کورتخایەندا داگیرم کرد. شەش سەد کەس لە شەڕکەرانی دوژمنم

بەشمشێر لەت و پەت کرد و سێ هەزار دیلم سووتاند و کەسێکم بە زیندووی نەهێشتەوە، بەڵام ((هولای))م بە دەستی خۆم گرت و زیندوو زیندوو پێستم کەوڵ کردو پێستەکەیم بە دیواری شاردا هەڵواسی... لە کینابۆ وە ڕێگەی تیلا((tela))م گرتە بەر. شارەکە بەچاکی تەیار کرابوو و سێ قەلآی هەبوو. خەڵکەکە بە دیواری پتەو و ژمارەی زۆری شەڕکەرانیانەوە پشت گەرم بوو خۆیان بە دەستەوە نەدا و تەسلیم نەبوون. شەڕم دەسپێکردو خوێنێکی زۆرم ڕشت و هێرشم بردە سەر شارو داگیرم کرد. سێ هەزار سەربازم بە شمشێر لەت و پەت کرد ... زۆرێکیانم خستە ئاگرەوە، دیلێکی زۆرم بە زیندووی گرت کە دەست و قاچی هەندێکیانم بڕی و گوێو لووتی هەندێکیتریشیانم بڕی. زۆرێکم لە بینایی چاو بێ بەش کرد. لە زیندووەکان و سەری [مردووەکان] گردم ساز کرد سەرەکانیشم بە دارە مێوەکانی شاردا هەڵواسی کچەکانم خستەناو ئاگرەوە...)) (جەخت لە ئێمەیە).

یەکێ تر لە فەرمانڕەواکانی ئاشور بەناوی ((ئاشوری بانی پاڵ)) دەڵێ: ((شووشم داگیر کردو دەرکی خەزینەی پاشاکانی ئیلامم بە دەستی خۆم شکاند کە لەمێژەوە کۆیان کردبووە. ئەو شتانەی کە لەشەڕدا دەستم کەوتبوون ، بریتی بوون لە: زێر و زێو ، ئاڵتونەکانی بنماڵەی پاشاو جلو بەرگی بە نرخو چەکی ڕۆژی شەڕ و ڕۆژی نمایش و تەواوی کەل و پەلی کۆشکەکان و ئەو شتانەی کە بۆ کاری خواردن و خواردنەوە و بۆن خۆش کردن بوون و هەروەها عەرابە و ئەسپ و هیستری گەورەی پەرچەم زێرین. و سی و دوو پەیکەری پادشایان، کە لەزێڕ و زیو (مەفرەغ) و

بەرد دروست کرابوون، بەرە و ئاشوور بەڕێم کرد. پەرستگاکانی ئیلامم لە بن هێناو هەموو ئەربابە [خوا ئاساکانم] لەناو برد... لە ماوەی یەك مانگ و بیست و پێنج ڕۆژدا ئەو وڵاتەم بە تەواوەتی وێران کردو تۆی شۆرە و دڕك و دالّم لەوێدا بلاّوکردەوە... بە کورتی سەری ئیلامم پان کردەوەو بەتەواوەتی هەراو هوریای شادمانیم لە هەموو شوێنێکی ئەو ناوچەیەدا لەناو برد، ئەو شوێنەم کردە جێگای ((کەرە کێوی و ئاسك و ئاژەلاّن)).

بەمە دەڵێن دیکتاتورییەت و سەرەڕۆیی، پێدەچێ ئەرستۆش بەباشی تاڕادەیەك ئەم ستەمکارییە و گشتگیرکردنی وەکو یاسایەکی گشتی لەڕۆژهەلاّتدا ئاگادار بووەو لەو دوو نامیلکەیەدا کە سەبارەت بەپاشایێتی، واتە ئەو شتەی کە ئێمە بەولاّتداری ناومان لێبرد و ((کۆلۆنییەکان)) واتە هەمان جیهانگیریو داگیرکردنی ولاّت، بۆ ئسکەندەری قوتابی خۆی نووسیویەتی، پێی رادەسپیرێ کە لەگەڵ یۆنانییەکاندا وەکو رێبەر(Hegemon) و لەگەڵ بەربەرەکانیشدا وەکو فەرمانڕەوایەکی ستەمکاردا هەڵس و کەوت بکات... مەبەستی ئەرستۆ لە((رێبەرایەتی))، هەمان مەبەستە کە لەکتێبی ((سیاسەت دا)) وەك چەمکی سیاسیی لەبەرانبەری خوداییو جەبارییەت لە چەشنە جۆراوجۆرەکانی حکومەت بە ئەژمار هاتبوو. سیاسەت ئەو هونەرەیە کە لەپۆلیتی دا واتە ((کۆماری-دەوڵەتشاری)) لەسەر بناغەی یاسای بنەڕەتی بۆ دابینکردنی قازانجی گشتیو پاراستنی مافی هاوولاّتیان، بەدیدێو گەشە دەکات ئەو دیکتاتوورییەتەش کە ئەرستۆ بۆ بەربەرەکانی داناوە، هەمان حکومەتی

تاکە کەسییە کە پێیوایە دەبێ قسەی ئـەو ((یاسـا)) و کـردەوەی هـەمووان بێت. ئەو یاسایەی کە داریوش لە کەتبیەکانی خۆیدا شـانازی پێوەدەکات، کە بیست و سێ وڵات لـەژێر ((ئـەمر و یاسـای)) ئـەودا بوونـە و بـە شـەو بەرۆژ جێبەجێکەری فەرمانەکانی بوون، ناکرێ لە ئەرستۆ رەخنە بگرین کـە بۆچـی وەهـا راسـپاردەیەکی بـە ئەسـکەندەر کـردووە، لانیکـەم دەبـێ بزانین کـە لەسـەردەمی ئەرسـتۆدا، هێشـتا حکوومـەتی دادگەرانـەی مـرۆڤ لەسـەر مـرۆڤ بـەدی نـەهاتبوو تەنانـەت کـە هێشـتاش بـەدی نـەهاتووە، پێناچـێت وەهـا حکومـەتێك رۆژێ بتـوانی سـەر هەڵبـدات- لـەو رۆژەدا ئەرسـتۆ رۆڵـی مامۆسـتا و راوێـژکاری بـۆ ئەسـکەندەری کـوڕی فیلیپـی مەکـدوونی دەگێـڕا. ئـەم راوێـژکارە ئاگـاداری مێـژوو بـوو [تەنانـەت] لـە ناوەرۆك‌و قسەو باسەکانی کۆبوونەوەی هاوڕییانی داریوش، کـە هـیرۆدۆت بەسەرهاتەکەی لە کتێبی ((مێژووەکان))ی خۆیدا هێناوە – ئاگادار بووەو وەکـو راوێـژکاریکی سیاسـی و واقـع بـین دەیزانـی کـە دەبـێ شـتێك بـە فەرمانڕەواکەی خۆی راسپێرێت.

بـا بگەڕێینـەوە بـۆ سـەربابەتەکەی خۆمـان، یـەکێ لـەو مێژوونووسـە بەنێوبانگانەی جیهانی کـەونارا ((هیرۆدۆتـە)) کـە لەسـاڵی ٤٨٤ پ ز، واتـە لەدەوروبەری یەکەمین رۆژەکانی پاشایەتی ((خەشایار شـا)) دا واتـە پـاش مـەرگی داریـوش لـەدایك بـووە. فەریـدوونی ئادەمییـەت (رەخنـە گـری مێژوو) دەڵێ: ((ئـەم مێژوونووسـە تارادەیـەکی زۆر، نوێنـەری رۆشـنبیری کەلتووری ئەیونییە – نەك کەلتووری تەسك بینی یۆنـانی –)) هـیرۆدۆت لـە کتـێبی حەوتەمیـدا بـاس لـە مێـژوو دەکـات و دەڵێـت: (( ئـەوەی کـە

گێڕاویانەتەوە دەیلێمەوە، کە وابوو، پێویست ناکات ئەوان باوەڕ بکەن یان نا، بەلأم ئێوە دەتوانن ئەم قسەیەم لە تەواوی گێڕانەوەکانمدا بەدروست بزانن ٤:١٨)). بەلأم داوەری ئادەمییەت لە بارەی هیرۆدۆتەوە ئەمەیە: (ئەگەر هیرۆدۆت گێڕانەوەی ڕووداوێکی مێژوویی بە ڕاست بزانێت، لەسەر دروستی و ڕاستی ئەو ڕووداوە پێدادەگرێ١:١٣). ئەو شتەی کە ئێمەش دەمانەوێت باسی لێ بکەین، هیرۆدۆت بە دروستی زانیوە.

هیرۆدۆت دەڵێ: ((لە نەبوونی کەمبووجییەدا کاتێك کە ڕۆشتبوو بۆ میسر، دوو کەس لەموغەکان، یەکێکیان بە ناوی پاتزتیس- کە کەمبووجییە بە سەرپەرشتی دەرباری خۆی دانابوو و ئەویتریان بە ناوی سەمەردیس (= بەردیا) — کە شێوازی زۆر لە سەمەردیس کوڕی کورش و برای کەمبووجیە کە بە ئەمری ئەو کوژرابوو، دەچوو، بە پیلانی پاشای ئێران دەست دەگرن بە سەر تاج و تەختی پاشایەتیدا. داریوش لەخێزانی ((هەخامەنشی)) کە باوکی شارەوانی پارس بوو خویشی سەربازی کەمبووجیە بووە کە لەگەڵ شەش کەسی تر لە گەورەکان و سەردارەکانی هەخامەنشی، ڕازی بەردیای درۆزنیان لێ ئاشکرا دەبێتەوە و بۆیان دەردەکەوێت بەردیا هەمان ((پاتزتیس))ی موغە کە کورش ئەمری کردبوو بە تاوانی گوناهبارییەوە هەر دوو گوێی ببڕن. ئەو حەوت کەسە پێکەوە پەیمان دەبەستن کە بە زووترین کات بڕۆن بۆ کۆشکی شاهی و ئەو دوو مۆغە بکوژن، کە ئەم کارەش بە ئەنجام دەگەیەنن. بە پێی گێڕانەوەی هیرۆدۆت ئەم حەوت کەسە، پێنج ڕۆژ پاش لەناو بردنی ئەو دوو موغە، خەریکی لێکۆڵینەوە دەبن تا بزانن بنەمای کارەکانی

داهاتوویـــان چـــی دەبـــێ و ئادەمییـــەت گوتـــەنی(١٢٨:١): دەبـــێ چ جـــۆرە حکوومەتی بۆ وڵات هەڵبژێرن.

یەکێ لەو حەوت کەسە (ئۆتانس) ە کە دەڵێت:

بە ڕای من سەردەمی ئەوە تێپەڕیوە کە یەك کەس لە ناو ئێمەدا هەمە کـــارە بێـــت و ســـەرەڕۆیانە فـــەرمانڕەوایی بکـــات، شـــێوەی حکومـــەتی سەرەڕۆیانە باش نیە و نـابێ بـە هـەوێنی خێـر و قـازانج، ئێـوەش خۆتـان چاك دەزانـن کـە لـە خۆبـایی بـوون و دەسـەڵاتی لـە رادەبـەدەر چۆن بـوو بەهۆی لە ناو چوونی کەمبووجیـە، هـەمان بـە سـەرهاتتان لـە سـەردەمی ((گئوماتای مۆغ)) دا بینی... تەنانەت دوور نیە کاتێك باشترین کەسانیش بـە پلـەو پایـە بگـەن بـە تـەواوەتی بگـۆڕدرین، چـونکە وەهـا کەسـانێك، لەلوتکـەی دەسـەڵاتدا کـار دەکـەن وەکـو پێشـوو نـابینن ... ، کەسـێك کـە خاوەنی دەسەڵاتێکی رەها بێـت لـە قەڵـەمڕەویی خۆیـدا بـە ئەنـدام گـەلی چـاك و هەڵکـەوتوو ئێرەیـی دەبـات، چـونکە تـەنیا هەڵکـەوتنی خـۆی لەبەرچاوە... کردەوەیەکی چاوەڕوان کراوی لێ بەدی ناکرێـت... نـەریت و یاساکانی رابردوو سست دەکات و بە بیانووەوە بـێ گوناهـەکان لـە سـێدارە ئەدات...

بەڵام حکوومەتی خەڵك پێچەوانەی ئـەم دۆخەیـە. یەکـەم ئەمەیـە کـە ئەمچەشـنە حکومەتـە واتـە ئیزونـومین نـاو و رواڵـەتێکی باشـی هەیـە، ئەوەش  یەکسانی هەمووانە لەبەرانبـەری یاسادا. دووەم شت ئەوەیـە کـە کاتێ خەڵك حکومەت بەدەستەوە بگرن، دادگەرەکان و دادوەرەکـان لەسـەر بنـــەمای ڕای گشـــتی هەڵدەبـــژێردرێن و لەبەرانبـــەر کـــردەوەی خۆیانـــدا

بەرپرسیارن‌و لە هەموو کارەکانـدا گۆڕینـەوەی بـیروڕا دەردەکـەوێت. بـەم پێیــە پیشــنیار ئەکــەم کــە حکومــەتی پاشــایەتی وەلاوە بــنین ومــافی هەڵبژاردنی ئازادانە بدەین بە خەڵك، چونکە لەراستیدا نـاو و ناونیشانی خەڵك و دەوڵەت یەك شتە.

پاش قسەکانی ((ئۆتانس)) کە داکۆکی لە حکومەتی دیمۆکراسی دەکرد. میگـابێز یـەکێکی تـر لـەو حـەوت کەسـە داکـۆکی لـە ((ئۆلیلگارشـی)) یـان ((حکومەتی هەڵبژێردراوەکان)) دەکات و دەڵێت: ((من لە گەڵ ئەو شـتەی کـە ئۆتـانس سـەبارەت بـە دەس هـەلگرتن لـە حکومـەتی پاشایەتی دەڵـێ: رازیـم، بـەلام لەگـەڵ ئـەو بـیر و ڕایـەی کـە پێیوایـە دەبـێ بـەڕێوەبردنی کاروباری خـەڵك بدرێتـە دەسـتی خـەلکی رەشـۆلکەوە، هـاوڕا نـیم، خـەڵك جگە لە کۆمـەڵێکی بـێ سـەر و گـوێ هیچـی تـر نـین و هـیچ کەسـێ وەکـو ئـەوان لـە گرنگـی بەرپرسـیارێتی غافـڵ نییـەو ئەگـەری زوڵـم لێکردنیـان زۆرترە. کارو کردەوەی فەرمانڕەوای سەرەڕۆ لانی کەم تێکەڵی ئەندێشە و بیرکردنەوەیە، بەلام کارەکانی چینی رەشەخەڵك هەمیشە بێ کەڵك و کاڵ و خامە، کە وابوو بریا حکومەتی دیمۆکراسی لەئێرانـدا بکەوێتـە دەسـتی نــەیارەکان [ی ئێــران]. ئێمــە دەبــێ چــاکترین کەســەکانی ئــەم ولاتــە هەڵبــژێرین و مــافی دەســەلاتداریان پــێ ببەخشــین... لــە ئەنجامــدا نــۆرە دەگاتە داریـوش کـە بـەناوی لایـەنگری پاشایەتی باسـەکە درێـژە پێبـدات، داریـوش حکوومـەتی خـەڵك و ئیلیتـەکان(دەسـتبژێرەکان) ڕەتدەکاتـەوە و دەڵـێ: (( تەنانـەت ئەگـەر چاکترین نموونـەی هـەر کـام لـەو سـێ چەشـنە حکوومەتـە لەبەرچـاو بگـرین، دیسـان سـێهەمین چەشـنی حکومـەت واتـە

چاکترین نموونـەی پاشـایەتی لـە هـەموویان چـاکترە)) وە پاشـان دەڵـێ: ((ئێمە خۆمان بۆ ئەم ئازادی یە منەتباری چ کەسێکین؟ چ کەسێ ئەمـەی بە ئێمە بەخشیوە؟ ئایا لەرێگەی دیمۆکراسییەوە بە دەستمان هێناوە؟ یان لەڕێگـەی حکوومـەتی چـەند کەسـێکەوە بـە ئێمـە گەیشـتوو؟ یـان میراتـی دەوڵەتێکی پاشایەتی یـە؟ ئـەم سـەربەخۆییەی ئێمـە دەرئـەنجامی بـوونی یـەك کەسـە، کـە وابـوو پێشـنیار ئەکـەم رێ و رەسمـی پاشـایەتی هـەر بەردەوام بێت)) (٤: ٢١٨-٢٢٠)

بە گوێرەی هیرۆدۆت لەو دانیشتنە دا ئـەو چـوار کەسـەکەی دیکـە کـە خۆیان تێکەڵی باسەکە نەکرد بیر و ڕای داریوش قەبووڵ دەکەن. بەمجۆرە ((ئۆتـانس)) کـە لایـەنگری دیمۆکراسـی بـوو لـە کەمینـەدا دەبێـت، بۆیـە بڕیاردەدرێت درێژە بە سیستەمی حکوومەتی پاشایەتی بدرێت.

ئۆتانس پێیان دەڵێ: ((هاوڕێیان ! دیارە کـە لـەناو ئێمـە دا یـەك کـەس دەبێتـە پادشـا، چ بـە هەڵبـژاردن بێـت یـان بـەتیرو پشـك، یـان بیخەینـە دەنگدانی گشتییەوە، ئەگـەر نـا دەبـێ رێوشـوێنێکیتر بدۆزینـەوە؟ یا خـۆ رەوشتێکی دیکە بگرینە بەر؟ من بۆ بـە دەسهێنانی تـاج و تـەختی شـاهی لەگەڵ ئێوەدا ململانی ناکەم، چونکە نە هۆگری فەرمانڕەواییم و نە حەز لـە فەرمانبـەری دەکـەم، کـە وابـوو بـەو مەرجـە دەچـمە لاوە کـە خـۆم و خزمەکانم ناچار بە فەرمانبەری لە ئەمری ئێوە یان هەر کەسێ کە ببێتە پادشا نەبین.)) (٤: ٢٢٠-٢٢١)

هەموویان [واتە ئەو شـەش کەسـەکەیتر] ئـەو مەرجـە قـەبووڵ دەکـەن [پاشـان] ئۆتـانس هەڵدەسـتێو لـە ژوورەکـە دەچـێتە دەرەوە. هـیرۆدۆت

دەڵێ: ((هەنووکەش خێزانی ئۆتانس تەنیا خێزانیەکە کە لە ئێراندا ئازادن و تا ئەو رادەیە کە خۆیان بیانەوێ ملکەچی یاساکانی پادشا دەبن، بەلاّم ئەوانیش وەکو خەڵکی تر رێز لە یاساکانی پارس دەگرن)) پاشان ئەو شەش کەسەی تر سەبارەت بە چۆنێتی هەڵبـژاردنی پادشا لەناو خۆیاندا، پێشنیار دەکەن بەیانییەکەی هەموویان بە سواری ئەسپەوە برۆنە قەراخی شارو ئەسپی هەر کامیان لەگەڵ هەڵهاتنی رووناکی خۆر [کازییوە] دا زووتر بحیلێنێ، تاج و تەختی شاهی بۆ ئەو بێت.(٤: ٢٢١)

بەمجۆرە ((رای گشتی ئێرانییەکان)) کە ئۆتانس بە یەك لە رێگاکانی هەڵبژاردنی شای دانابوو، جێگەی خۆی دەداتە حیلەی ئەسپەکانی ئەو شەش کەسە، هەڵبەت لەو پەڕی ئەندێشە و کاری زیرەکانەی مەیتەرەکەی داریوش دا مەیتەرەکەی داریوش هەر لەو شەوەدا بە خواست و ئەمری گەورەی خۆی واتە داریوش، وەها بەرنامەیەك رێك دەخات کە ئەسپەکەی داریوش، بەرەبەیانی سبەی، بەر لە ئەسپەکانی تر بحیلێنێ و بەو جۆرە داریوش تەختی شاهی بە دەس بهێنی.

داریوش لە قسە و باسەکانی خۆی سەبارەت بە پاشایەتی دەڵێ: ((ئەبێت چاکترین خەڵك لە((باشترین حکومەتدا)) کە هەمان حکوومەتی پاشایەتییە، بۆ ئەو کارە [واتە پاشایەتی] هەڵبـژیرێت)) و نموونەی داریوش بۆ چاکترین خەڵك، بەو جۆرەی کە لەداکۆکیکردن لەتێروانینەکانیدا ئاماژەی پێداوە، کۆرشی گەورە بوو، کە بەڕای داریوش((سەربەخۆیی)) ئێرانییەکان بەهۆی ئەوەوە دەست کەوتووە. بەلاّم داریوش هەر لەو شەوە دا، بە کردە سەلماندی کە بەپێی

پێودانگەکـەی خـۆی لـە هـیـچ حاڵەتێکـدا، لـە ئاسـتی کوورشـی گـەورەدا نەبووە، چونکە هەر لەو شەوەدا، دوور لە چاوی هاوڕێ و هاوپەیمانەکانی، لە گەڵ مەیتەرەکەی دا بە دووی ڕێگە چارەیەك دەگەڕێن بۆ فریـودانی ئەوانی دیکە: ئەو تەنانەت بە حیلەی ئازادانەی ئەسپەکانیش رازی نەبوو کاریکی کرد کە حیلاندنی ئەسپەکانیش لە سەر خواستی ئـەو بێـت. پـاش گەیشتن بە دەسەڵاتیش دیارە کـە خـۆی بـەو کـردەوە نارەوانـەی کـە دوای خـۆی لـە بەردنووسـەکان دا بەتایبـەت کەتیبـەی بێسـتوون جێـی هـێڵاوە، سـەلماندوویەتی کـە چ فەرمانرەوایـەکی سـەرەرۆ و دیکتـاتۆر بـووە. لـە کەتیبـەی بیسـتوون دا پـاش یەخسـیر بـوون ((فـوروورتی)) ئەوکەسـەی لـە شاری (رەی) دا دژ بە داریوش ڕاپەریوە، نووسراوە: ((فوروورتییان بە دیلی هێنایـە بەردەسـتم ، منـیش لـوت و گـوێ و زمـانیم بـڕی و چاوێکیشـیم دەرهێنـا، بـە دەم بەسـراویی لـە [کۆشـکیدا] ڕاگـیرا، بـەجۆرێك هـەموان دەیانبینی، پاشان لە هەمەدان لە سێدارەم دا و ئـەو پیاوانـەی کـە هـاورێی ناسراوی بوون لە قەڵاکانی هەمەداندا هەڵم واسین)) (٢-٤٥).

فەرمانڕەوایـەك بـەم تایبەتمەندییانــەوە، کـە کورشـی گـەورەی بـە سەرمەشقی خۆی دەزانی، لە کاتێکدا ئـەوەی کـە لـە بەردەنووسـراوەکاندا سـەبارەت بـە کـوروش بـەجێماوە پێشـاندەری ئەوەیـە: لـەنێوان فەرمانڕەواکانی جیهانی کەونارادا، بەراستی کوروش جیـاواز بـووە، ئـالبێر مالـە و ژوول ئیـزاك لـە بـارەی کوروشـەوە نووسـیویانە: ((هەڵسـوکەوتی [کوروش] لەگـەڵ ((میدەکانـدا)) برایانـە بـوو، چاوپۆشـی لـە سـێدارەدانی ((کـرزوس)) کـرد و ئـەوی لـە ڕێـزی راوێـژکارەکانی خـۆی دانـا، ڕێـزی لـە

ئایین و شاری بابل گرت و، ئیزنی بە بەنی ئیسرائیلییەکاندا بگەڕێنەوە بۆ ئورشەلیم)) کوروش لە فەرمانی ٤٥ دێڕی خۆیدا کە بە زمانی ئاکادی لەسەر لوولەیەکی گڵیین نووسراوە و لە ساڵی ١٨٧٩ لە بابل دۆزراوەتەوە سەبارەت بە کارەکانی خۆی لەم بوارەدا ئەڵێ: ((لە نەینوا ، ئاشوور و هەروەها لە ئەکداشنوننا، زەمبان، می تورنۆ و دەیرەوە بگرە تا سەرزەمینی گوتییەکان و شارەکانی دیجلە... [پەیکەرگەلێ] ئەو خودایانەی کە لەو شوێنەدابوون، گەڕاندنمەوە بۆ شوێنی خۆیان و بۆ هەمیشە شوێنی دانیشتنی ئەوانەم بەربلاوتر کرد.خەڵکی هەموو ئەو شارانە کۆکردەوەو گەڕاندنمەوە بۆ ماڵ و نیشتمانەکانیان، خودایانی ((سۆمەر)) و ((ئەکەد)) کە ((نبۆنۆئیید)) کە بە ئەمری خودای گەورە، مەردۆك هێنابوونی بۆ بابل ، بە شادمانییەوە لە پەرستگاکانی خۆیاندا دامنان)) (٥: ١٦)

داوەری کردن لەبارەی جۆرەکانی حکوومەت پەیوەندی بەتاکەکان و کەسایەتییەکانو ئاکاری شەخسی ئەوانەوە نییە، بەڵکو ئەم داوەریە بەر لەهەموو شتێك دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمەو تایبەتمەندییە بنەماییەکان. لە ڕەوتی دیموکراسی، بە مانا ئەرستۆییەکەیدا واتە ئەو دەوڵەتشارەی کە حکوومەتەکەی لەسەر یاسای بنەڕەتیو بەرژەوندی گشتیو بەڕای زۆرینەی خەڵك و هاووڵاتیان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بەڕێوەبەرانی دەوڵەت دیاریدەکرێنو دەوڵەت بەڕێوە دەبرێت، پاشایەتی تاکە کەس، هەر بەهەمان ئەو مانایەیە کە هیرۆدۆت لە زمانی (ئۆتانس)ەوە دەریبڕیوە. لە نووسراوەکەی هیرۆدۆتدا، کە بە وتەی

ئادەمییـەت لـە کـۆی بەرهەمـە کلاسـیکییەکانی جیهـانی کـەونارادا، تـا هەنووکـەش سەرچـاوەیەکی سـەرەکی زۆربـەی مێژوونووسـانی بـواری سیاسییە)).(١=١٢٨).

ئۆتانس دەڵێ: تەنانـەت: ((چاکترینی ئـەو کەسانە))ش، کـاتێ دەگەنـە لووتکـەی دەسـەڵات ((بـە تـەواوەتی دەگـۆڕدرێن)) و ئـیتر ((کێشـەکان بـە شێوەی رابردوو نابینن)). ئەگەر ئەم ((لوتکەی دەسەڵاتە)) لەسەر ریسای ((هەتاهـەتایی)) و ((میراتـی بـوون)) بێـت و سیسـتەمگەلی پاشـایەتی، بەشێوەی ماڤ تاکە کەس و خێزانی ئەو کەسە بەردەوام بێت ئـەو کاتەیـە کـە ئەرسـتۆ گوتـەنی: ((چـاکەکاری و فەرمانبـەری دەبێتـە سروشـتی دووهەمی خەڵك)) و مرۆڤ لەجەوهەرەی مرۆڤایەتی خۆی واتـە ئـازادی و ئازادە بوون بێ بـەش دەکرێ لەحاڵێکدا لەسیستەمی دیموکراسی دا بـەو جۆرەی کە پێشتر باسمان لێکرد بنەما لەسەر ئازادی و ئازادە بوونە و هەر هاوولاتییەك بەپێی دەسەلاتەکەی کە یاسای بنـەڕەتی بـۆ هـەر ئەنـدامێك لە ئەندامە پێك هێنەرەکانی دەوڵەت دیاری کردووە، دەتوانێ هەموو کاتێ ئـەم ئـازادی و ئـازادە بوونـە لـە کـردەوەدا ئـەزموون بکـات و لـەم تاقیکردنەوەشدا هەست بە ئەوپەڕی رەزامەندی دەکات. لە یۆنانی سەدەی پێنجـەمی پـێش زاییـنـدا، ((تمیسـتۆکۆل)) سـەرکردەی خـەڵکی رەشـۆڵکە ((ئاریسـتید))یـش سـەرکردەی تـاقمی ئەشـراف، تۆمیسـتۆکۆل پیـاوێکی دەسەڵاتخواز و فـرەزان بـوو و لـەهیچ بابەتێکدا تـرس و دوودڵـی نـەبوو ، ئارسـتید بـە راسـتی و دادوەری ناوبـانگی دەرکـردووە، لـەم رووەوە لـە تۆمیستۆکۆل مەزنتر بوو)) (٣: ٢٢٠)

ئـەم پیـاوە دادگـەر و دادپـەروەرە لەگـەڵ هـەر چەشـنە تازەگەرییەکـدا دژایـەتی دەکـرد. (( لـە ئەنجامـدا خـەڵك کەوتنـە تەنگانـەوە و لـە ڕێگـای ئۆستراسیسـم [واتــە دوور خســتنەوەی خــەڵکی دەستڕۆشــتوو کــە دەنگــی هاووڵاتیانیــان] لەگەڵــدا بــوو، ئاریســتیدیان دوور خســتەوە، تــا لــەم ململانییەدا ڕزگاریان ببێ. دەڵێین لە کاتی ڕاپرسییەکەدا پیـاوێکی لادێیـی کە نەخوێندەوار بوو ئارستیدی [کە لە شوێنی ڕاپرسـییەکەداو لـە پـەنای ئەودا ڕاوەستابوو].

بـە هەڵـە ئارسـتیدی بـە پیـاوێکی ئاسـایی زانـی و سـەدەفی [ئـامرازی ڕاپرسـی] خـۆی بـە ئـەودا و تکایـان لـێ کـرد کـە نـاوی ئارسـتیدی لەسـەر بنوسـێت [واتـە دەنگـی دەدا بـە دوورخسـتنەوەی ئاریسـتید]، ئاریسـتید سـەری سـوڕماو گـوتی: ((مەگـەر ئاریسـتید خراپەیـەکی لەگـەڵ تـۆدا کردووە؟)) پیاوەکە وەڵامـی داویـەوەو وتـی: ((نـە، هـەرگیز، مـن تەنانـەت نایناسـم بـەڵام ئەوەنـدە ئـەویان بـە دادگـەر نـاو بـردووە، مـن زۆر قـەڵس بوومـە)) ئاریسـتیدیش بـێ ئـەوەی شـتێك بڵـێ، نـاوی خـۆی لـەرووی سـەدەفەکەدا نووسـی و دایـە دەسـتی. ئەمـە نهێنییەکـە کـە مـرۆڤ لـە جێبـەجێ کردنـی مـافی فـەرمانڕەوایی خـۆی لـە چوارچـێوەی سیسـتەمی حکومەتێکی ئازادو دیمۆکراتیکدا، هەستی پێدەکات. لە وەها کۆمەڵگایەکدا کە هەست بە ڕەزامەندی دەکرێ، ئەندیشـەو بیرکردنـەوە ئـازادە و هـیچ شتێ نـاتوانێ بـەر لـە شـەپۆلی پێشکەوتنی مـرۆڤ بگرێت. وەها شـوێنێك لەهــەر کوێــدا بێــت مــرۆڤ ڕوو لــەو شــوێنە دەکــات، چــونکە شــوێنی پەرەسـەندن و پێشکەوتنە. بێهـوودە نیـە کـە ئـەمرۆش وەهـا یاسـایەك

بالأدەستە. دیاردەی سینەما لە ئەوروپا سەری هەڵدا، بەلاًم لە ئەمریكادا گەشەی كرد، بەو جۆرەی كە ئەمڕۆ، لە سەدا، هەشتای (٨٠٪) فیلمەكانی سەر پەردەی سینەما لەولاًتە ئەورووپییەكان، بەرهەمی ئەمریكیین و ئەم بابەتەش تەنیا سینەما ناگرێتەوە.

ساڵەهایە كە ولاًتانی دونیا لە دیاردەیەك بە ناوی ((هەڵهاتنی مێشكەكان)) ئاگادارن، چاكترین مێشكەكانی دونیا سەرەتا بۆ ئەوروپا و لەوێشەو بۆ ئەمریكا دەچن. هیچ كەسێ ئەم خەڵكە بە وەها كۆچێك ناچار ناكات ئەمە ژینگەی ئازادی ئەمریكایە كە مێشكی لێهاتوو خوازیاری پەرەسەندن و پێشكەوتن بەرەو خۆی رادەكێشێت، كۆچی خەڵكی شاری لە سۆمەرەوە بەرە و كرت و كارتاژ و [لە ئەنجام دا] بۆ یۆنان و رۆم دەبێ، هەر لەم سۆنگەوە شیبكەینەوە، كاتێك لەرۆژهەلاًتدا ڕەشە بایەك هەڵی كردبوو، رەشەبای دیكتاتۆریەت كە گوڵەكانی فیكر و كردەوەی لە هەر بوارێكدا لە سیاسەتەوە بگرە تا زانست و تەكنولۆژیا دەسوتێنێ، ئەو گوڵانە هیچ چارەیەكیان نەبوو جگە لەوەی كە بۆ كەش و هەوایەكی لەبارتر بڕۆن، خاڵێكی تر كە لە شیكاریی گۆڕانكارییەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لە جیهانی كەونارادا دەردەكەوێ و پەیوەندی راستەوخۆی بە جیهانداری رۆژهەلاًتەوە هەیەو پێویستە باسی لێ بكرێ ئەمەیە كە: لەسەرەتاوە شێوەی دەوڵەت لە رۆژهەلاًتدا لەسەر بنەمای جیهانداری بنیاتنراوە ئەم ئەزموونە بۆتە هۆی ئەوەی كە زانیاری سیاسی رۆژهەلاًتییەكان هەر لەسەرەتاوە لەپەیوەندی لەگەڵ نەتەوەكانی تردا و لە بەرانبەری دەسەلاًتە دەرەكییەكانی تردا دروست ببێ.

لەو باسـەدا کـە هـیرۆدۆت بـە سـەرهاتەکەی بـۆ ئێمـە بـەجێ هێشـتووە خاڵێکی گرنگمان لـە قسـەکانی داریوشـدا بـۆ دەردەکـەوێت، لەحاڵێکـدا کـە ئۆتانۆس و مگابیز لە دیمۆکراسی و ئۆلیلگارشی لایەنگریان دەکـرد، بەڵگـە هێنانــەوەکانی ئــەوان پــتر پەیوەنــدییان بــەناوخۆی کۆمــەڵگاو ئــازادی و مافەکانی خەڵکەوە هەیـە، داریـوش لـە کۆتـایی قسـەکانی خۆیـدا بـاس لـە ئازادی ئێرانییەکان دەکات، بـەڵام بـە(( سـەربەخۆیی ئێـران)) ەوە کۆتـایی بە قسـەکانی دێنێـت و دەڵـێ: ((ئـەم سـەربەخۆییەی ئێمـە، لـە بەرەکـەتی یەك کەسـە)) [لێـرە دا] جـەخت لـە سـەربەخۆیی لـە بەرانبـەر ئـازادی دا ئاشـکرایە. ئــەم باســە تەنانــەت تــا ئــەمڕۆش لــە چــاوی حکوومــەت و فــەرمانڕەواکان – لــەنێوان ئێمــەش دا بەردەوامــە، وەك بڵێیــی ئێمــەی رۆژهــەڵاتی هێنـدە بـۆ سـەربەخۆیی بایـەخ دادەنـێین، ئەوەنـدە بایـەخ بـە ئازادی نادەین. لەلایەکیترەوە لە بەردەنووسی پاشاکانی هەخامەنشی دا، لە بارەی چۆن ئیدارە کردنی خودی کۆمەڵگاوە، باسێکی ئەوتۆ نـەکراوە، لـەو بەردە نووسانەدا پتر لەوەی کە لەسەر چۆنیەتی کـردەوەی ئێمـە لـە گـەڵ نەتەوەکانی تر باس کراوە، باسی سزادان یان رێز گرتن لە داب و نەریت و بــاوەڕە ئایینییــەکانیان کــراوە، بۆچــی؟ چــونکە زەرورەتــی جیهانــداری پێویسـتی دەکـرد لـەکاتی هەڵسوکەوت لەگـەڵ نەتـەوەکانی تـردا نـەریتی پیاوەتی بەجێ بهێنین، ئەگەرچی قۆناغەکانی ئەم کردە جوامێرانەیە [لە رووی زەمەنەوە] زۆری نەخایاندووە.

ئایــا ســەیر نییــە کــە دەبیــنین، تەنانــەت ئەمرۆکــەش سیاســەتی پروپاگەندەیی لەوڵاتدا، پتر لەوەی لە سەر هێڵی ئیـدارە کردنـی نـاوەوەی

کۆمەڵگا بخولێتەوە و قسە و دروشمەکان لەم بارەوە بێت، بە پێچەوانەوە لەسەر سیاسەتو بابەتە دەرەکییەکاندا دروست دەبێت، لەوەتەی ئێمە وەك پێشەنگی چاکسازی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا رۆڵمان هەیەو ئەو رۆڵ و پێگەی ئێستامان هیچ پەیوەندییەکی بە لێهاتوویی پێگەی کوروش و داریوشەوە نیە.

وەك بڵێی گوتەی ژان پۆل سارتەر، لەبارەی پێگەی سروشتی تاك، تەنیا پەیوەندی بە تاکەکانەوە نەبێت. سارتر لە کتێبی ((وشەکان ))دا دەڵێ: ((هەر کەسێ بۆ خۆی پێگەیەکی سروشتی هەیە کە بەرزی ئەم پێگەیە پەیوەندی بە لە خۆ بایی بوون و هەروەها سیستەمی بەهاکانەوە نیە. بەڵکو قۆناغی منداڵی مرۆڤ ئەو رۆڵە سەرەکییە دیاری دەکات. رەنگە ئەم قسانە نەتەوەکانی تریش لە خۆ بگرێ. هەموو ئەو شتەی لەبارەی ئێمەی ئێرانییەوە دەوترێت دەربڕی ئەوەیە کە ئێمە بە شارەزایی یان پێچەوانەوە، هێشتا لەسەر بنەمای هەستو ئیحساسەوە لە پێگەی سروشتی قۆناغەکانی منداڵیماندا ئەجولێینەوە.

گریمان رووداوێکی گرنگ هاتووەتە پێشەوەو کەمتر ئاوڕی لێ دەدەینەوە، ئێرانی ئێستا، ئێرانی سەردەمی کوروش و داریوش نییە کە نەیزەی کەڵە پیاوەکانی تا شوێنە دوورە دەستەکانی باکووری ئەفریقا دەڕۆشت، چاکتر وایە کە پێگەی سروشتی خۆمان لەسەر بنەمای پێگەی ئێستامان لەبەر چاو بگرین.

## سەرچاوەکان:


١) مێـژووی فیکـر لـە سـۆمەرەوە تـا یۆنـان و رۆم- فەریـدوونی ئادەمییـەت، بڵاوکەرەوەی رەوشەنفکران – تاران ١٣٧٥

٢) دەسـتوورەکانی پاشـاکانی هەخامەنشـی – ریلـف نارمـەن شـارپ – بڵاوکەرەوەی کۆلێژی ئەدەبیاتی پەهلەوی شیراز

٣) مێژووی یۆنان و وڵاتەکانی رۆژهەڵات – ئەلبر ماڵە و ژوول ئیـزاك – چاپی یەکەم دونیای کتێب و زانست – تاران ١٣٦٢

٤) مێـژووەکان – هـیرۆدۆت – وەرگێڕانـی ع . وەحیـدی مازەنـدەرانی – فەرهەنگستانی فەرهەنگ و ئەدەبی ئێران

٥) مێژووی ئایینی زەردەشت – بـەرگی دووهـەم : هەخامەنشی یـەکان – مـری بۆیس- وەرگێڕانی: هۆمایونی سەنعەتی زادە – بڵاوکەرەوەی تووس – تاران ساڵی ١٣٧٥

# دوێنێ و ئەمڕۆی کۆمەڵگای مەدەنی

وەك لە وتارەکانی پێشوودا دەردەکەوت لە روانگەی ئەرستۆدا، کۆمەڵی مرۆیی لە دوو شێوازی گشتی، واتە شێوازی سەرەتاییەکانی رابردوو و شێوازی نوێ کەخۆی لەچوارچێوی ولآت یان کۆمەڵی سیاسی (polis)دا دەبینێتەوە پێکهاتووە. ئەرستۆ یەکەمین شێوازی سەرەتایی کۆمەڵی مرۆیی بە Oikos ناوزەد دەکرد کە لەوەرگێڕانی هەنووکەیی بەرهەمەکانیدا، وشەی خێزانی بۆ دانراوە، لەم کتێبەشدا لە هەمان وشەی (خێزان) کەڵك وەرگیراوە بەلآم پێش ئەوەی ئاکامی توێژینەوەکانی پێشوو بخەینە بەر باس، ئەبێ بزانین کە Oikos لەزمانی یۆنانیدا لەگەڵ ئەو شتەی کە ئەمڕۆ بە خێزان دەوترێ جیاوازیی هەیەو لەشێوازێکی تایبەتی خێزان کە ئەمڕۆکە لە زمانی فارسیدا ((خانەدانی)) پێدەگوترێ نزیکترە.

((ئۆیکۆس)) (Oikos) بنەماڵەیەکی گەورەیە کە ئەندامەکانی چەند بەرە لەخۆ دەگرێ. هەمووی ئەم ئەندامانە لە چەند وەچەییك پێکدێت کە لە موڵکی هاوبەشی باوکیی و لەژێر چاودێری پیرترین ئەندامی ئەو خانەدانەدا پێکەوە دەژین‌و [بە گشتی] پەیوەندی نێوان ئەو ئەندامانە پەیوەندییەکی خوێنییە. بەلآم ((ئۆیکۆس))ی یۆنانی گروپێکی دیکەش

لەخۆ دەگرێ کە لەگەڵ ئەو ئەندامانە پێکەوە پەیوەندی خوێنیان هەیـە، کەیەکسانو هـاوخوان نـین بـەڵام پێکـەوە هاوبەشـن. ئـەم گرووپـە تازەیـە کۆیلەکانن کە هێزی بەهـەمهێنان [کـار] ی خێـزان دێنـە ئـەژمار و لـەژێر دەسەڵاتی خێزاندا ئەژین.

پیرتـرین ئەنـدامانی خێزانـی ئۆیکۆسـی، فـەرمانڕەوایی ڕەهـا و تاکـە خودایە. بەم پێیە لەروانگەی سیاسییەوە کە مەبەسـتی سـەرەکی ئێمەیـە دەکـرێ لەگـەڵ ئەرسـتۆدا یـەك بگرینـەوە و بڵـێین: پەرەنسـیپی سـامان بەخشـی یەکـەمین یەکـەی گشـتی کۆمـەڵی مرۆیـی، بەرژەوەندییـەکانی خێزانیە کە لەسەر پەیوەندییە سروشتییەکان دامەزراوە.

ئەرستۆ دووەمین شێوازی کۆمەڵی مرۆیی بـە ((گونـد)) نـاو دەبـات کـە بەوتـەی ئـەو سروشـتی تـرینی ئـەو کۆمەڵـە (گونـد)ە کـۆی ئـەو (ئۆیکـۆ سانەیە) کە لە ئەندامانی هاو خوێن پێـك هـاتووە (خـێڵ، تـیرە و ...) لـەم کۆمەڵە گەورەترەشدا، بە تەمەنترین ئەندامـەکان کـە خێـزان هـاوخۆین و خزمەکان ڕێزی لێدەگرن لەسەر هەمووواندا حوکم دەدات. بـەرای ئەرسـتۆ ئـەم چەشـنە دەسـەڵاتدارییە شـێوەی سروشـتیو سـەرەتایی پاشـەیەتییە. ئەگەرچی ئەم کۆمەڵـە بـەهۆی بـەربڵاویو ئـاڵۆزی زۆری خۆیـەوە لەچاو خێــزان- شــێوازگەلێکی جۆراجــۆرتری هەیــە. بــەڵام لــەو ڕووەوە کــە پەیوەندییەکانی نێوان خێزانکانی ناو گونـد – بـە تایبـەت لەسـەرەتاوە – پەیوەندیگەلێکی خزمیو خوێنیە، بەم پێیەش جیاوازییەکی بەربڵاو قوڵ لەو کۆمەڵەدا بوونی نیە و پەیوەندییەکان لەژێر کاریگەری خوێنو خێڵدا بەرتەسك دەبێتەوە.

هیچکام لەم دوو کۆمەڵە سەرتاییە(خێزان و گوند) بە کۆمەڵی سیاسی نایەنە ئەژمار. چونکە بنەمای پێکهاتنیان پەیوەندییە سروشتییەکانە، بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە قازانج و بەرژەوندییە هاوبەشی و تایبەتییەکانیان. هەر بۆیە ئەم دوو کومەڵە لێکچوویی زۆر زۆریان پێکەوە هەیەو ئاستی نامۆیی و جیاوازییان زۆر کەمە. لە کۆمەڵی سیاسیدا رادەی جیاوازی و نامۆیی لە هەموو بابەتێك بەرچاوترە. تەنانەت ئەو کۆمەڵە کە پتر ئەندامەکانی لە یەك نەتەوە پێکهاتبێت، رادەی جیاوازی و جۆراوجۆری نێوان ئەندامە پێکهێنەرەکانی لەچاو گوندی سەرەتایی و ((ئۆیکۆس)) ((خێزان))دا زۆرترە. بەم پێیە بە مسۆگەرییەوە دەتوانین بڵێین: بۆنیاتی وڵات یان کۆمەڵی سیاسی (State=) لەسەر بناغەی جۆراوجۆری و جیاوازییە.

لەسەر ئەم بنەمایەش، ئەرستۆ لە سەرەتای کتێبی دووەمی سیاسەت (ا-١٢٦١) دا و لەو رەخنەیە کە ئاراستەی تیۆری ئارمانخوازانەی یۆتۆپیای ئەفلاتوونی دەکات دەڵێ: ((وڵات تەنیا ئەوە نیە کە ئەندامەکانی زۆر بن، بەڵکو لە چەشنە جیاوازەکانی تاك پێك هاتووە)) (دەقی ئینگلیزی ل ٤٥٦) پرەنسیپی رێکخەری وەها کۆمەڵێك بەپێچەوانەی خێزان و عەشیرەت پەیوەندییەکی خوێنیو سروشتی نێوان تاکەکان نییە بەڵکو قازانج یان بەرژەوەندییەکی گشتییە کە لەژیانی هاوبەشی تاکەکان لەناو کۆمەڵگادا دەردەکەوێت. بۆ شیکاری فەلسەفی ئەم بەرژەوەندییە گشتییە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هیگل:

لە سەرەتای دونیای مودێرن، هەر لەو کاتە کە شۆرشی گەورەی فەرانسە، کۆڵەکەکانی سیستەمی کۆنی رووخاند تاکو سیستەمی سیاسی مۆدێرن دابمەزرێنێت، روانگەی فەلسەفی ئەرستۆیی لەبارەی پرەنسیپی سەرەکی ساماندەری کۆمەڵگای مەدەنی لە شێوازێکی نوێدا، سەر لەنوێ سەریهەڵدایەوە.

هیگڵ لە کتێبی (بنەماکانی فەلسەفەی ماف دا)) ((تاکی مرۆڤ)) بەتەواوی تایبەتمەندییەکانیەوە (La personne concrete) بە ((پێکهێنەری سەرەکی کۆمەڵگای مەدەنی))، دادەنێ. بەلام هەر لەو پەیوەندییەدا ئەڵێ: ((ئەم تاکە تایبەتە لە کۆمەڵگای مەدەنی دا، زاتی تاکێکی تری تایبەتی لەبەرانبەردایە کە لەگەڵ ئەودا پەیوەندی هەیە. ئەم خود و ئەویترە، بەشێوەیەکی دوو لایەنە سەلمێنەر و رەتکەرەوەی یەکترن و لەم پێوندییە دوو لایەنەدا پەیوەندییەکی تر دروست دەبێت کە هیگل بەچوار چێوەیەك بۆ پێکهاتنی پەیوەندییە گشتییەکان(= Formedei universallte) ناوی لێدەبات، خود و ئەویتر هەرکام لە زاتی خویاندا تایبەتن، بەلام لە پەیوەندی نێوانیاندا، زاتێکی مینۆکی تازە دروست دەبێت کە زاتێکی گشتی یە. بووندارێتی و پێگەی هەر لایەنێکی ئەم پەیوەندییە لەلای خود و ئەویدی، بە تەنیایی بابەتێکی سروشتییە. بەلام سەرهەڵدانی پەیوەندی گشتی لەنێوانیاندا بابەتێکی کولتوورییە. هێگل: دەڵێت: ((عەقڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگای مەدەنیدا لە **سروشتی** خۆی تێدەپەرێت، بۆ ئەوەی بگاتە چوارچێوەیەك لە ئازادی و گشتییەتێکی هەڵقولاو لە ((زانین و ویستن))، کە دیاردەیەکی کەلتوورییە. خود ئەو

شتەی کە دەیزانێ و دەیەوێ، ئەویتریش لە هەمان چوارچێوەدا، دەیزانێ و خوازیارییەتی. کە وابوو ئیدی ((تاکایەتی سروشتی)) مرۆڤ بە تەنیا و بۆ خۆی واتایەکی نیە. [بەڵکو] ئەو بابەتە گشتییە کە دەرئەنجامی پەیوەندی نێوان خود و ئەویدییە، گرنگییەکی سەرەکی هەیە، بەوتەی هیگل، ((ژیان، ئاسایش وخاوەن مافبوونی تاك لەگەڵ ژیان و ئاسایش و بوونی ماڤ گشتی تێکەڵە و لەیەکتر جودا نین.(هەمان بابەتە ١٨٣)

هیگڵ دەڵێ دەکرێ ئەم سیسەمە ((لەسەرەتادا بە دەوڵەتی دەرەکی (Etat externe) و دەوڵەتی پێداویستی و فام)) ناوزەد بکەین، (هەمان سەرچاوە) کە واتە سەرەتای کۆمەڵگای مەدەنی هاوکاتە لەگەڵ، دەرچوونی مرۆڤ لە سروشت و هاتنە ناوەوەی قەڵەمڕەوی کەلتووریی. کۆمەڵگای مەدەنی ((سەرەتا)) هەمان ((دەوڵەت))ە کە بریتییە لە ئەو پەیوەندییانەو ئەو دەزگاو رێکخراوانەی کە دەرکەوتەی تێگەیشتنی تەواوی توخمە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگایە. لەروانگەی هیگلەوە دەوڵەت لەجەوهەردا، هەر لەسەرەتاوە، لە کۆمەڵگای مەدەنی جیا نیە. دەوڵەت شێواز یان چوارچێوەیەکی گشتییە لەو پەیوەندییانە کە کۆمەڵگای مرۆیی خۆی دروستی کردووەو بەهۆی بەدیهێنانی ئەم پەیوەندییە گشتییانەوەیە کە کۆمەڵگا، کۆمەڵگای مەدەنیە. دەوڵەت نە سەرچاوەی سروشتی هەیەو نە ئاسمانی، [بەڵکو] دەوڵەت دیاردەیەکی مرۆییەو لە بەستێنی کۆمەڵگای مەدەنی دا سەریهەڵداوە. ئەم دیاردەیە ئاکامی دروستبوونی ئارەزومەندانەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤە لەچوراچێوەیەکی گشتیدا. وەك خودی هیگل دەڵێت: بێ گومان لە باسی

دەوڵـەتو یاسـادا، وەك بابـەتی سـەرەکی دەزگاکـان بەشـێوەیەکی رەهـا لەخۆیانـداو بۆخۆیـان وەکـو بابـەتێکی عـەقڵانی پێویسـتن و ئەمـەی کـە چۆن و بەپێی چ چوارچێوەیەك بەدیهاتوون و بوونەتە باو — لە روانگەی کەسێکەوە کە ئاوڕ لە بنەمای عەقڵانیان دەداتەوە — گرنگ نیە.

هـیگڵ لـە کۆتـایی ئـەم بەنـدەدا (٢١٩) راشـکاوانەتر رادەگەیـەنێت: ((... دروسـت کردنـی سیسـتەمی مـاف و یاسـایی لـە کۆمـەڵگا(Juridiction=) دەبێ ئەرکی سەرشانی هێزی گشتی [=دەوڵەت] بزانین و نابێ ئەم ئەرکو مافانە بسپێردرێ بە ئیرادەی سەرەڕۆیانەی هەر کەس و هێزێك.))

لەگـەڵ ئەمەشـدا وەك خـودی هـیگڵ ئاگـای لـێ بـووە. هـاو مـاکی و هاوجەوهەری کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت. هەر لەسەرەتاوە بـە درێـژایی مێژوو وەکو خۆی نەماوە. دەوڵەت بە جیابوونەوە لە کۆمـەڵگای مـەدەنی، وەك قەڵغانێکی سەربەخۆ، لە سەرووی کۆمـەڵگای مەدەنیـدا جێیگرتـووە، لەراستیدا ئەوەی هیگڵ — لەم وتەزایەدا لەسەر دەوڵەت وتوویـەتی، زیـاتر لەبەرچاوگرتنی فـۆرمی دەوڵەتـە یـان بـە وتەیـەك زیـاتر چاودێریکردنی چەمکی دەوڵەتە وەك  فورمێك. لەحاڵێکدا کە چەمکی مێژوویی کۆمەڵگا، ناوەڕۆکی دەوڵەت دیاری دەکات و ئەم چەمکە مێژووییە بـەو جۆرەی کـە خـۆدی هیگلـیش باسـی کـردووە لەسـەر بناغـەی ئیمکانیـاتی بـە دەسـت هێنانی سامانە [سـامانی مـادی] واتـە لەسـەر بناغەیـەکی نایەکسان پێـك دێت.

لە کتێبی ((پرەنسیپەکانی فەلسەفەی مـاف)) لـە بڕگـەی ١٩٩ و ٢٠٠ دا ، هیگڵ لە سامان و چۆنیەتی دابەشـکردنی لـەناو کۆمـەڵگادا دەدوێـت و دان

بەوەدا دەنێ کە دابەشبوونی نایەکسانی توانا هێزەکییەکان (استعداد) و سامان و تەنانەت کوولتووری مینۆکی و ئەخلاقی بەشێکن لە داتا سەلمێنراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. لەسەر بنەمای ئەم نابەرابەرییانەیە کە ((گروپ گەلێکی گشتی)) لەناو کۆمەڵگادا دروست دەبێت. هیگڵ دەڵێت: ((... سیستەمی کۆمەڵایەتی بەشێوەی ئۆرگانیزمێکی پێکهاتوو لەدام ودەزگای تایبەت بۆ پێداویستییەکان، تەکنیك و پیشەو هەروەها شێوازی دابینکردنی پێداویستییەکان، و کەلتووری تیۆری و پراکتیکی [کە پەیوەست بەوانە]دەردەکەوێت، چەندین ئۆرگان کە جەماوەری کۆمەڵگا بەسەریاندا دابەش دەکرێن و هەر ئەمەش هۆکاری بەدیهاتنی چینەکانە)).

پاشان هیگڵ ئەم چینانە لەسەر سێ چین واتە: چینی راستەقینە (colasse substantiele ou immediate) چینی بیرمەند (calsse reflechissaante ou formelle) چینی گشت بین (class univesselle) دابەش دەکات و دەڵێ: چینی راستەقینە ئەوەیە کە ((سەروەت و سامانی لە بەرهەمە سروشتییەکانی خاکدا شاراوەیە، ئەو خاکەی کە لەسەری ئیش دەکات، دەشێ ئەم خاکە تەنیا لە دەستی کەرتی تایبەتدا بێت هەر بەم هۆیەوە هیگڵ دەڵێ: راستی لای ئەوانەیە کە وتوویانە دەرکەوتنی کشتوکاڵ لەپەنای ژیانی هاوبەشی ژن و مێرد دا سەرەتا و بونیاتی دروستبوونی دەوڵەتە.((بڕگەی ٢٠٣))

چینی دووەم ئەوانەن کە ((خەریکی گۆڕانکارییین لە بەستێنی سروشتداو ئامراز و پێداویستیەکانیان لە ئاست جێبەجێکردنی ئیش و

بیرو هۆش و هەروەها ناوبژیوانی و دابینکردنی پێداویستی خەڵکانیتردایە برگەی ٢٠٤ وەکو خەڵکی پیشەساز و پیشەوەر و بازرگان و رۆشنبیر لەئەنجامدا لەگەڵ چینێکی تردا رووبەڕوو دەبینەوە کە سەروکاری لەگەڵ کاروباری گشتیدایە. گشتی لێرەدا هەمان پەیوەندی گشتییە کە بەبڕوای هیگڵ لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ دیتراندا بەدی دێت، هەمان فەزای گشتی کە لەپەیوەندی نێوان دوو لایەنی تایبەتدا دروست دەبێت و لەئەنجامدا دەوڵەت پێکدێنێت. هیگڵ دەڵێت: ((چینی گشتی ئەو چینەیە کە بۆ بەرژەوەندی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی تەرخان دەکات. ئەم چینە ئەبێ بۆ دابینکردنی نیازەکانی راستەوخۆ ئیش نەکات و ئەو نیازانە لەرێی سامانی تایبەتی خۆی یان لە رێی موچەی دەوڵەتەوە جێبەجێ بکرێت، بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی تایبەتی ئەم چینە کە لەبواری گشتیدا ئیش دەکەن دەستەبەر بکرێ دیارە کە پێناسە و شرۆڤەی هیگڵ بۆ چینەکان، زۆرتر دەربڕی بیروڕای ئەوە لە بارەی رێکخراوی دەوڵەتەوەو لەم بوارەدا زۆرتر ئاوڕ لە رەهەندی پێکهاتەیی شارە کۆنەکانو پۆلێنبەندی ئەو شتەی کە لە یۆتۆپیای ئەفلاتوونی دا پێشبینی کراوە، ئەداتەوە، تا واقعی کۆمەڵایەتیو دابەشکارییەکانی بەپێی دابەشبوونی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و سەروەت و سامان. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەمانە هیگڵ لەم بارەوە هەندێ تێبینی هەیە کە ئاوڕدانەوە لەو تێبینیانە بۆ ئەم باسەی ئێمە سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنیو گۆڕانکارییەکانی پڕ بایەخە. پێناسەو شرۆڤەی هیگڵ لە پێکهاتنی چینایەتی هەرچۆنێك بێت خۆی پێوایە کە ئەم پێکهاتنە

سەرەڕای بەستێنە عەینیو راستەقینەکانی پێویستی بەمەرجێکی زەینیش هەیە. هیگڵ دەڵێت: (( چین بە واتای تایبەتمەندییەك(particularate) لە پێناوی خۆیدا دەردەکەوێت، لەلایەکەوە بە پێی ریسایەکی واتایی [مانایی] چەند بەشێکی لێدەبێتەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە دابەش بوونی تاکەکان لەناو چینەکاندا ئەگەر چی لە ژێر کارتێکردنی سروشت، و لە داییك بوون و بارودۆخ دایە بەڵام لەبنەڕەتدا پەیوەندی بە بیرو و بڕوای تاکە کەسی و خواستی شەخسییەوە هەیە، کە ماف و شایستەبوون و شانازی خۆی لەو چینەدا دەبینێتەوە. بەشێوەیەك هەرشتێك لەم چینەدا وەك زەرورەتێکی دەروونی سەرهەڵدەدات ناچار بە فەرمانبەری یان ناوبژی ئیرادە و خواستی سەربەخۆیە و لەروانگەی زانیاری تاکەکەسیەوە وەك کارێکی ئیداری وایە)) (بڕگەی ٢٠٦)

لەم رووەوە هیگڵ سەرنج ئەداتە خواستی چینایەتی و ئەو ئیمکانگەلە کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی چین لەناو کۆمەڵگادا، بۆیە لەم ڕوانگەوە هیگڵ کۆمەڵگای مەدەنی بەشێوەیەکی گشتی بەدوو شێواز دەبینێت: رۆژهەڵات و رۆژئاوا، دونیای کەونارا و دونیای مودێڕنە.

هیگل دەڵێ:

بەم هۆیەوە ... جیاوازی ژیانی سیاسی رۆژئاوا و رۆژهەڵات، دونیای کەونارا و دونیای مودێرن دەر ئەکەوێت. دابەشکردنی کۆمەڵگا بە سەر ئەم دوو چینە لەم دوو جەمسەرەدا خۆی لەخۆیدا بەشێوەی عەینی بە ئەنجام دەگات، چونکە لەجەوهەردا دابەشکردنێکی عەقلانییە، بەڵام

تایبەتمەندی (خصوصیت پزڕی) زەینی ناتوانێ بەو شتەی کە شایەنێتی بگات. چونکە دابەشکردنی تاکەکان لەناو چینەکان دا، یان وەکو دەوڵەتی ئەفلاتوونی لەدەستی حکوومەتدایە، یان خود وەکو باردۆخی کۆمەڵایەتی (کاست)ەکان لە هێندا پێڕەوی ڕێساکانی لەداییکبوونە. (بڕگەی ٢٠٦ جەخت کردن لە ئێمەیە)

بەم پێیە کۆمەڵگاگەلێك دێنەئاراوە کە تێدا دا میکانیزمی چینایەتی لە سەربەخۆیی و ئازادی زەینی و زانیاری وەرگرتنی چینایەتی بێ بەشە، بەمەش تایبەت مەندییەك کە بە واتای تۆخمی زەینی تایبەت هاتووەتە ناو سیستەمی کۆی کۆمەڵگا، بەڵام نەیتوانیوە بە سەربەخۆیی و ئازادی لەگەڵ خۆدی خۆیدا ئاشت ببێتەوە دەبێتە پرەنسیپێکی دوژمنانە بۆ رووخاندنی سیستەمی کۆمەلگا چوونکە بوونی وەها تایبەتمەندییەك دەرکەوتی زاتی ژیانی کۆمەڵگای مەدەنییە.

ئەم دەرئەنجامە هەرچۆنێك بێ بە ناچار لەناو کۆمەلگادا دەردەکەوێ. بەم پێیە ئەم ئیرادەی چینایەتییە، یان وەکو دەوڵەتەکانی یۆنان و کۆماری رۆم هەڵدەقولێت و سیستەمەکە تێك ئەدا یاخود ئەگەر دۆخی کۆمەڵایەتی وەها بێت کە ئەم سیستەمە وا ، لەڕێی هێزەوە [دەوڵەتی] یان بەهۆی دەسەڵاتی ئایینییەوە بپارێزرێت، ئەو خواستە چینایەتییە بە تۆخمی گەندەڵی رۆحیو توخمێکی تەواو لەناوچوو دەگۆڕدێت، ئەمەش تارادەیەك مەقدوونییە یان ئەو شتەی کە ئەمرۆکە بەتەواوەتی لە سیستەمی ((کاستی)) هێنددا دەبینرێت.

بـەڵام ئەگـەر تایبەتمەندییـە زەینییـەکان [واتـە چـینی کۆمەڵایـەتی بەشـێوەی خۆدئاگـا] لەسیسـتەمی عـەینی دا [واتـە دابەشـکردنی کۆمـەڵگا بەچینەکان] بپارێزرێتو لەگەڵ ئەودا ئـیش بکات یـان ئەگـەر مـاڤ [ئاگـا بوونی زەینی ] چین جارێکی تر بناسرێتەوە چین دەبێتـە پـرەنسیپێك کـە کۆمـــەڵگای مـــەدەنی دەبووژێنێتـــەوە فاکتـــەری پەرەســـەندنی چـــالاکی هۆشمەنـد، شایسـتەت بـوون و شـازی بەرهـەم دێنێـت، لەوشـوێنەدا کـە ئیرادەی ئازاد بـۆ نێوبـژیوانی کـردن لـە بەرهـەمهێنانی شتێك کـە لـەزاتی خۆیـــدا لـــە کۆمـــەڵگای مـــەدەنی و دەوڵەتـــدا ئاوەزمەندانەیـــە دووبـــارە دەناسرێتەوە و وەردەگیرێت، ئەوکات دەگەینە چەمکێکی دیاریکراوی نـوێ کە لە بۆچوونی گشتیدا بە ئازادی ناوزەد دەکرێ (بڕگەی ٢٠٦).

ئەم باسەی ئێمە لە ئێستادا تەنیا تایبەت بە ئازادی نییـە، لـەم بـارەوە لـە وتارەکـانی تـردا ئـەدوێن. لـە درێـژەی باسـە سـەرەکییەکەدا ئـەبێ بگەڕێینـــەوە بـــۆ شـــیکارییەکانی پێشـــوو لـــەبارەی جیهـــانی کـــەونئارا و کۆمـەڵگای مـەدەنی و ئاکـامی گشـتی ئـەو شـیکارییانە بخەینـە بـەر بـاس. هـــیگڵ تـــەواوی کۆمـــەڵگاکانی جیهـــان بـــەپێی کـــردەوەی ئازادانـــە یـــان نائازادانەی میکانیزمی چینایەتی، بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، [هەروەها] جیهـانی کـەونئارا و جیهـانی مـودێڕن دابەشـکردووە، لێکۆڵینـەوەکانی رابردووی ئێمەش هەمان ئاکامی لێ دەکەوێتەوە.

لێکۆڵینـەوە لەسـەر گۆڕانکارییـەکانی کۆمـەڵگای مـەدەنی لـە جیهـانی کەونارا پیشاندەدا کە ئەو ڕەوتە بەپێی پێکهاتـە و پەرەسـەندنی زۆرتـری کۆمەڵگای مەدەنی، دابەش دەکرایە سەر دووبەش:

ئەو بەشەی کە خۆڕێکخستنەوەی حاکمیەتی سیاسی تێدایە بەلاسای کردنەوە لەسەر ئەزموونی [خۆرسك] ی کۆمەڵگا و لەسەر بنەما یان پرەنسیپی سامان بەخشی قازانجی گشتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بووە [بە واتایەکی تر لە کۆمەڵگەوە بۆ حاکمیەت] لەم بەشەدا حاکمیەتی سیاسی لە شێوازی (کۆمەڵگاشارییەکان) ی سەربەخۆ و بەر تەسك، وردە وردە بەرە و رێکخراوێکی دەوڵەتی هەڵقولاو لە بەشداری خەڵك لە چوارچێوەی ئەو یاسا بنەڕەتیەی کە لەسەر ئەندیشە و ئیرادەی خەڵك دروست بووە و گەشەی کردووە. ئەم دیاردەیە کە ئەرستۆ بە دیمۆکراسی شیاو یان بەوتەی خۆی پولیتی ناوزەدی کردووە. بەپێی وەرچەرخانە مێژووییەکانو ئەو بەڵگەو دیکۆمنتانە [لەو کۆمەڵگانەدا] ماونەتەوە، ئەگەرچی لەرۆژهەڵاتدا (لە لێوارەکان دیجلە و فورات) دەستی پێیکردووە بەلاّم بەخێرایی گەیشتۆتە رۆژئاوا و لەو ولاّتەدا بۆتە دیاردەیەکی باو، بەپێچەوانەوە ئەو بەشەکەی تر ئەگەرچی بەربلاوتر لە بەشی یەکەم، لانکی سەرهەڵدانی شارستانیەتو کەلتووریش بوو بەلاّم هەر لەسەرەتای حاکمیەتی سیاسی لەسەرەوە بۆ خواری تاقیکردووەتەوەو هەرچەندەش ئەزموونە مێژووییەکەی زۆرتر بووە ئەم چەشنە سیستەمە سیاسیە لەو ولاّتەدا زاڵتر و فەرمیتر بووە. مێژوو نیشان دەدا بڕێك لە سیستەمەکان ئەگەرچی لەسەرەتادا لەبناغەی بەرگری لە قازانجە گشتییەکان دامەزراوەن، بەلاّم بەخێرایی بۆ درێژەپێدان بە شەرعییەتی خۆیان پەنایان بۆ خودا و پاڵپشتی ئایینی بردووە و زۆرتر لەرابردوو لە خەڵك دوورکەوتوونەتەوە دیکتاتورییەتو بەرگری لە قازانجە هاوبەشە

گرووپیــەکانو خێزانییــەکان شــوێنی قــازانجی گشــتی جەماوەرییــەکان گرتوەتــەوە، بــۆ وێنــە کــوروش، پاڵــەوانی ئــازادە و ســەر بــەخۆی قــەومی فارسە، خێرا جێگای خۆی داوە بە کمبوجیەی داگیر کەرو دیکتـاتور، ئـەو داریوشەی کە ئەمری خۆی بە ئـەمری خـودا دەزانـیو شـانازی بەخۆیـەوە دەکرد کە هەموو جیهان، شەو و ڕۆژ لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە.

خــاڵێکی تــر ئەوەیــە کــە: کۆمــەڵگای مــەدەنی دەوڵەتشــارو، بەگشــتی، کۆمــەڵگای مــەدەنی هــەڵقوڵاو لــە کۆمــەڵگا شــارییە ســەربەخۆکان کــە چارەنوس ئەوانە لەجیهانی کەوناراداو بە پۆلیتی واتە ئەو کۆمارانـەی کـە خاوەنی یاسای بنەڕەتی و سەربەخۆیی سێ دەسەڵاتی (دادوەری، یاسادانان، دەوڵەت) — لەوانە کۆماری ڕۆما کۆتایی پێهاتووە - بنەمای ڕێکخستنی ئەم کۆمەڵگەیە واتە: قازانجی گشتی پرەنسیپێکی ناتەواو بووە. قازانجە گشـتی لــەم جــۆرە کۆمەڵگایانــەدا بــەواتای ڕاســتەقینەی گشــتییەتی نــەبووەو بەشێکی گرنگ لە دانیشتووانی کۆمەڵگای لەخۆی نەگرتووە.

هاووڵاتی بوون تەنیا دیاردەیەکە کـە تایبـەت بـووە بەخـەڵکانی ئـازاد و ژنـانی ئـەم خەڵکـە ئـازادە لـە بەشـداری کـردن لـە شـتە گشـتییەکان وەك دەنگدان، هەڵبـژاردن، خۆپـاڵاوتن، بێبـەش بـوون. لەحاڵێکـدا کـە بەشـێکی گرنگو سەرەکی کۆمەڵگا واتە کۆیلەکان بە هیچ شێوەیەك وەکو هاووڵاتـی بەئەژمار نەدەهاتن و خاوەنی هیچ مافێك نەبوون.

مـارکس ئـەڵێ (( ... لـە ڕۆمـای باسـتان دا، شـەڕی چینایەتی تـەنیا لـە نێــوان کەمایــەتی تایبــەت واتــە لــەنێوان هاووڵاتیــانی دەوڵەمەنــد و هاووڵاتیـانی هـەژاری ئـازاددا ڕوویـداوە، لـە حاڵێکـدا زۆربـەی هـەرە زۆری

جەماوەری بەرهەمهێن [= کۆیلەکان، پیشەییەکان و هتد] تەنیا وەکو سەکۆیەکی وەستاو بێ جوڵە لەژێر پێی جەنگاوەراندا بوو، ئەم نابەرابەرییە بە وتەی پسپۆڕانی مێژوو کۆمەڵگای یۆنانی داتای بنەڕتی مێژووی یۆنانە کە هەرگیز لەو کۆمەڵگایەدا نەکەوتووەتە بەرهەڵستکارییەوە)). (١: ٣٢) ئەم پسپۆڕانە لەم بارەوە دەڵێن:

... لەوەش زیاتر، مێژووی یۆنانی بە پەروەردە کردنی هاوکاتی دو چەمك واتە چەمکی گشتی هاوولاتی ئازاد و چەمکی گشتی (کۆیلە، کالا) کە خەڵك لە بازاردا دەیانکڕی و قبوولیان دەکرد کە منالەکانیان بەمەش (لانی کەم لە دنیای تیۆردا) هیچ مافێکیان نەبووەو کە لەژێر سێبەری خۆیاندا پەروەردەی بکەن، بە توندی نابەرابەرییەکان زیادی کردووە. لەروانگەی ئێمەی سەدەی بیستەمی دا ئازادی گرۆپێك [واتە هاوولاتیان] لەگەڵ کۆیلەتی گروپێکی دیکە دژایەتییەکی روونی هەیە. لە حاڵێکدا لەروانگەی مرۆڤێکی یۆنانیدا وەها نەبوو و ئازادی گرووپێك بەبێ کۆیلەتی گرووپێکی تر بەدی نەدەهات یەکتری و بە یەکترییەوە بەستراون.

... خستنەڕوی چەند نموونەیەك لە قۆناغی کلاسیکی یۆنان ئەم بابەتەمان بۆ روون دەکاتەوە پیاوێکی ئیفلیج لە ئاتن دا لەسەرەتای سەدەی چوارەمی پێش زایین شکایەتێکی دایە دەست دادگا (مەحکەمە) کە گوایە مووچە دەوڵەتییەکەی لێ نەبڕن ئەم پیاوە لە دادگا وەهای بە دادوەر گوت: من پیشەیەکم هەیە، بەلام لەم پێشەیە شتێکی وەهام دەست

ناکەوێ. ئەنجامدانی ئەم پیشەیە بەتەنیایی بۆ من زۆر دژوارە و هێشتاش نەمتوانیوە کۆیلەیەك بکڕم کە جێگاکەم پڕ بکاتەوە)).

گزنفـون لـە بیرەوەرییـەکانی خۆیـدا نووسـیوویەتی: ((ئەوانـەی کـە دەستیان بە دەمیان دەگات کۆیلەگەلێك دەکڕن بۆ ئەوەی  لە بەردەستیان ئـیش بکـات – مانـای تـەواوی ئـەم شـتانە روون و ئاشـکرایە. لەروانگـەی ئاتنییـەکی مامناوەنـدی قۆنـاخی کلاسـیك [یۆنـان] هـیچ شـتێك لـەوە سروشتی تر نییە کە بتەوێ بەشتێك لە کاری خۆت یان تـەواوی کارەکـەت بخەیتە ئەستۆی کۆیلەکەت و خۆت لە کارکردن بەری بیت. لەرووداوەکانی رابردووشـدا تەنانـەت دروسـتکراوە یوتۆپیاییـەکان دەرخـەری هـەر ئـەم جـۆرە بۆچـوونەن. پێویسـت ناکـات لـە ئـەفلاتوون و ئەرسـتۆ بەلگـە بهێنینـەوە، هـەر تـەنیا ئـەوەمان بەسـە کـە چـاو لـە کۆمـەڵی ژنـانی ئاریستۆفان بکـەن: [لـەم نمایشنامەیەدا] ژنـان پـاش بـە دەسـتەوە گـرتنی دەسەلات، سیستەمی هاوبەشی مـاڵی دادەمـەزرێنن لـە بەرانبـەر پرسـیاری بیلە پیرۆس(Blpyros) کە دەڵێ: ((کە واتە چارەنووسی زەوییەکان چی بەسەردێت؟ کێ زەوییەکان دەکێڵێ؟

پراگساگورا و praxagara) روون و ئاشـکرایە: ((کۆیلـەکان))! (٣٣: ١-٣٢) رەنگە بەهۆی هەر ئەم نابەرابەرییە بنەڕەتیانەوە یان باشتر بڵێم بـە کـەڵك وەرگـرتن لـەم نابەرابەرییـە بنەڕەتییانـە بـوو کـە سیسـتەمی دیموکراسـی پـولیتی و یاسـای بنەڕەتییەکـەی کـە نموونـە کامڵەکـەی لەکۆماری رۆمادا رەنگی داوەتەوە.

له ئەنجامدا لەگەڵ بە دەسەلآت گەیشتنی ئوکتایوس(٢٧ی پێش زایین تا ١٤ ی زایین) کۆماری ڕۆما کۆتایی پێدێتو جێگای خۆی دەداتە ئەمپراتووریەت ٤، رووخانی دەوڵەتشارییە یۆنانییەکان و پۆلیتییەکانی ئاتن پێشتر، بە دەستی ئەسکەندەری مەکدۆنی روویدا . لە دوای ئەوە مرۆڤایەتی بۆ گەیشتن بە ئازادی و ماف بەرابەر دەبوایە تا سەدەی هەژدەیەم و بە ئاکام گەیشتنی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا چاوڕوان ببوایە. ئەم شۆڕشە بوو کە بۆ یەکەمجار جار لە مێژووی مرۆڤایەتی دا نابەرابەرییە مافییەکانی بەتاڵ کردەوە و ئازادیو ماف هاوولآتی بوونی بۆ هەموو کەسێك بەڕەوا دەزانی. بەم شۆڕشەوە میکانیزمێك کەوتەڕێ کە ئەنجامی ئەوە گشتی کردنەوەی مافەکانی مرۆڤ لە هەر رەنگ و رەگەزو نەتەوەیەك لە سەراسەری جیهاندایە.

وەلانانی جیاوازی رەگەزیو ناسینەوەی ماف بەرانبەری ژن و پیاو، ئاوڕدانەوە لەمافی منداڵان و قەدەغەکردنی کاری منداڵان و هەروەها، سەرەتای ئاگا بوون بە سروشت و مافی سروشت و رێز گرتن لە ژینگەی مرۆڤایەتی لە بەرهەمە پیرۆزەکانی کردەوەی ئەم میکانیزمەیە. بەمەشەوە ناشێ وا بزانین ناسینەوەی بەرابەرییە مافییەکان بە واتای جێبەجێ کردنی تەواوی ئەو بەرانبەرییانە لە کردەوەدا لە هەموو کۆمەڵگا مرۆڤایەتی یەکاندا هەیە، بەپێچەوانەوە شانبەشانی گەشەی وشیاری زەینی لەئاست بەرانبەرییەکان و فەرمی ناسینی زیاتری مافە مرۆییەکان، دەوڵەت بەپێی بۆچوون و شیکارییەکانی مارکس لەلێکۆڵینەوە مێژووییەکانیدا — نەك لە دروشمە مرۆڤ دۆستە

سوشیالیستەکانی کە لەسەر بناغەی ئارەزووە بەدی نەهاتووەکانی سڕینەوەی دەوڵەت ڕەدگەیەنرا، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهێزترو سەربەخۆتر لە کۆمەڵگە بووەو هەر ئەم جیایی دەوڵەت لە کۆمەڵگا و بەهێزی و سەربەخۆییەیە کە بووە هۆی ئەوەی کە لەبەرهەمی بڕێك لە بیرمەندانی سیاسی کلاسیك (بەتایبەت کارڵ مارکس) چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دووبارە بێتە ئاراوەو بەر باس. بەڵام ئەم جارە نەك بەو شێوە کە هیگڵ لە شیکاری چۆنیەتی سەرهەڵدان و کامڵ بوونی کۆمەڵگای مەدەنی باوەڕی پێی بوو و ڕەوتی کامڵ بوونی دەوڵەتی لەگەڵ پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵگای مەدەنی بە دروستی وەك یەك وە هاوشێوە وێنا دەکردو سەبارەت بەکۆمەڵگای مەدەنی بەزۆری لە دوو توێی دەوڵەت و کۆمەڵگادا دوواوە، ئەو دژواریە کە لەوەدا دەوڵەت لە بەرامبەری کۆمەڵگادا رادەوەستێ و تەنانەت ڕێگەنادات کۆمەڵگا بەپێی کردەوەی ئازادانەی میکانیزمەکانی چینایەتی خۆی بەو شێوەیە کە هیگڵ دەیگوت- بە گەشەی خۆی بەشێوەیەکی ئازادانە درێژە بدات. باشترین نموونەکانی ئەم جۆرە بۆچوونانەی مارکس لەبارەی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لەم واتایەدا شیکارییە مێژوویی – کۆمەڵ ناسانەی) کە ئەوە. بۆ وێنە، لە هەژدەیەمی برومر (لویس پۆناپارت)،دا لەو شوێنەدا کە مارکس لە پەرەسەندنی رادەبەدەری بوروکراسی و دەزگای حکوومەتی لە فەرانسەدا قسە دەکات و ئەڵێ کە ئەم دەزگایە دەستی بەسەر هەموو سەرچاوەکان و ڕێگەکانی هەناسەکێشانی کۆمەڵگادا گرتووە. مارکس دەڵێ: ((لە وەها وڵاتێکدا کە دەوڵەتەکەی کۆمەڵگای مەدەنی لە بێ بایەخترین شتەکانی،

له گشتی ترین لایەنەکانی ژیانی بگرێ هەتا شاراوەترین رەفتارە تاکە کەسیەکانی خەڵك، خستویەتیە ژێر گوشار و چاودێری و رێسا دانان، سەر پەرشتی خۆیەوە)) کۆمەڵگای مەدەنیو رای گشتی دەبێ تێبکۆشێ تا دواجار ئەندامە تایبەتەکانی خۆیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە دەسەلاتی حکومەتی ! بە دیبهێنێ.٧٩، ٣:٧٨

دیارە مەبەستی ئێمە لە وەبیر هێنانەوەی ئەم خالانە پەنجە دانانە لەسەر ئەم بابەتە کە هاوسەنگ قایل بوونی چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی لەگەڵ سیستەمە سیاسی و دیموکراتیکەکانی رۆژئاوا بە گومانی ئێمە هەڵەیەکی مێژووییە:

کۆمەڵگای مەدەنی لە داییکبووی شۆڕشی گەورەی فەرانسە نیە. بەڵکو بەپێچەوانەی شۆڕشی گەورەی فەرانسە قۆناغێکی تەواوکراوی ئەو رەوتەیە کە هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا لە کۆمەڵگا شارییە سەربەخۆکانی سۆمەریدا لەلێوارەکانی دیجلەو فورات دەستی پێکرد. ئەو رەوتەی کە تائێستاش بەتەواوەتی نەگەیشتۆتە ئامانج. هیگڵ چ جوان وتوویەتی بایەقوشی زانایی بەیانیان دێتە فڕین.

## پەراوێزەکان:

(١)M. Austin p.vidal naquet economie etsoies Gre aneinne Armand colin paris 1972p.54-55.

(٢)Hegel prineipes de philosople du droit Gallimard paris 1963.p.217

٣) کارل مارکس – هەژدەیەمی برۆیەری لویس بۆناپارت (پێشەکی دانەر لە سەرچاپی دووەمی ئەڵمانی).

٤) ئادەمییەت، مێژووی ئەندیشە لە سۆمەر تا یۆنان و رووم، چاپخانەی رۆشنفکرانی تاران.

## بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

## ساڵی (٢٠١١ – ٢٠١٢)

| ز | بڵاوکراوەکان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکادا، ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلام و مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | نوسینی.<br>محمد ڕەزا شالگونی<br>وەرگێڕانی.<br>عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار کەمال کوردی | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | كورته باسێكی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>كارزان كاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی كوردستانی عیراق | ئامادەكردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | نوسینی.<br>مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. كوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی كوردی لە كوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ك)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی كەركوك - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەكوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایكڵ لیزنبێرگ<br>و. كارزان محەمەد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی: عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی: ئاستین کلاین و. لەفارسیەوە: کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حمید عزیز<br>ت: محسن بنی ویس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی | د. حەمید حسین کازم<br>و. عادل عەلی | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم (ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەركەكانی خەبات لەهەلومەرجێكی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | كێشەی شیعەو سوننە<br>كورتەباسێكی مێژوویی | نوسینی.<br>د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف كەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن رەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو كاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەكان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | (S.I) رێكخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنكردنی هەلۆێستەكان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانكفۆرت | و. لەسویدیەوە<br>عوسمان حەمە رەشید گورون | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري، ز. هۆشیاری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | كوردو توركمان، تێڕوانینێك بۆ میكانیزمەكانی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیەت چیە؟ ماناو پێناسەكانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شكوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیكری حەسەن بەننا، ژ. زنجیرە. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەكانی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێنج لێكۆڵینەوە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگرام و پەیڕەوی ناڤخۆ پەسەندكریێ سێیەمین كۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی رێكخستنی دهۆك بەشی روناكبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئالا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحي في كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٣ | قـــراءة في مفهـــوم التحـــديث والتنميـــة السياسية، ز. هۆشياری، ژماره (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | كاريگـەری قـەرزە گشـتيەكانی ئـەمريكا لەسەر ئابووری ئەمريكاو جيهان، ژ. ز. (٤٠) | فەيسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی — كوردی) | ئامادەكردنی: د. نەهرۆ عەلی ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | كوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد كوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |
| ٤٢٨ | كورد لەسورياو ئازەربايجانو ئەرمەنستان/ ز. ناميلكـەی كـورد لەميـديای جيهانيـدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمايەر ل. يالچين هێگمان و. رێبـــوار تۆفيـــق بەنگينە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەركەكانی قۆناغی نوێ لەچاوپێكەوتنێكی هەڤاڵ عيماد ئەحمەد دا | ئامادەكردنی: حەمە عەلی غەريب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشـاريع الـتي قـدمها الاتحـاد الـوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسـة في مبادىء العدالة | محمد رشيد حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القـانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>هەلۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتن لەگەڵ<br>هەڤاڵ مەلا بەختیار | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمن الخطة الدولية بدءً من جنوبها | المحامي:<br>شيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەڵمانییەوە:<br>غسان نعسان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەڵیبژاردم | ئیسماعیل عوسمان و ماتیاس شیلین و حەکیم کاکە وەیس | ٢٠١٢ |
| ٤٤١ | کێشەکانی هزری ئاینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٤٣ | ديموكراسيو دوژمنانی ئيسلامی ميانرەو لەروانگەی مەلا بەختيارەوە | سردار عبدالكريم مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٤٤ | ديموكراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنەتەدا، ز. هۆشياری ، ژمارە (٤١) | مەلا بەختيار | ٢٠١١ |
| ٤٤٥ | ئينتەرناسيۆناليزمی دينیو ديارەدەی فرە نەتەوەيی، ز. هۆشياری، ژمارە (٤٢) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٤٦ | مێژووی نەوتی كەركوك | فەرهاد حەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٤٧ | باشوری سودان، ز. هۆشياری ، ژمارە (٤٣) | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٨ | الديمقراطية دراسة فكرية سياسية، ز. هۆشياری، ژ(٤٤) | عبدالرحمن كريم درويش | ٢٠١٢ |
| ٤٤٩ | الاكراد والديمقراطية والاندماج، ز. هۆشياری، ژ(٤٥) | فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٠ | زمانی كوردی لەدەستورەكانی عيراقدا، ز. هۆشياری، ژ(٤٦) | خەليل عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٥١ | رۆڵی ژنان لەپەرەپێدانی كاری رێكخراوەييدا (ی. ن. ك) وەك نمونە. ز. هۆشياری، ژ(٤٧) | جەميلە شێخ مەحمود<br>شلێر رەشيد<br>نيگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٢ | ئارامو رۆڵی لەبزووتنەوەی سياسيدا | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٣ | چەپكە گوڵ: قەفتەيەك ژ سەروەریو هەڵوستێن ئێكەتی نيشتمانی كوردستان، زنجيرە هۆشياری، ژ. (٤٩) | قادر حەسەن عيدۆ | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٥٤ | توماس هوبزو فلسفته السياسية | احسان عبدالهادى النائب | ٢٠١٢ |
| ٤٥٥ | حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان | محمد فاتیح | ٢٠١٢ |
| ٤٥٦ | المركز القانوني للمواطن وضماناته | دريڤان عبدالقادر بكر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٧ | ئەمنی ستراتیجی عێراقو سێ کوچکەی بەعسیان | ئەمین قادر مینە | ٢٠١٢ |
| ٤٥٨ | پرۆیسترۆیکا بن لادنو مۆنیکا | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١٢ |
| ٤٥٩ | دۆزی کورد لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٠ | دەوڵەتی عوسمانیو عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشور | خالد محمود کریم | ٢٠١٢ |
| ٤٦١ | دۆزی کورد لەبەردەم رای گشتی عەرەبدا (کۆمەڵە وتار)، ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە (٤) | وەرگێڕانی: ڕەسوڵ ئیبراهیم | ٢٠١٢ |
| ٤٦٢ | فەلسەفەو لاهوت لەسەدەکانی ناوەڕاستدا | د. حەمید عەزیز | ٢٠١٢ |
| ٤٦٣ | الجريمة المنسية حول الانفال وجرائم الابادة الجماعية في كردستان | نجم الدين فقي عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٦٤ | رۆژانی پێشمەرگایەتی | دارا محمد یاسین | ٢٠١٢ |
| ٤٦٥ | ئەتلەسی سیاسی هەرێمی کوردستان | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٦ | الدور الأمريكي في بناء الشعوب من المانيا إلى العراق | نظيرة اسماعيل ياري | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٦٧ | دەربارەی شێوەی ئاسـیایی بەرهـەم هێنـان لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٨ | دەروازەیەك بۆ زانستی سیاسەت | عابد خالید ڕەسوڵ | ٢٠١٢ |
| ٤٦٩ | کەلتور (ژمارە ٦) | | ٢٠١٢ |
| ٤٧٠ | دپلۆماتو دیپلۆماسی | بەهرۆز گەلاڵی | ٢٠١٢ |
| ٤٧١ | الـدعائم الأساسـية للدولـة الفدرالیـة، ناميلكەی هۆشیاری، ژ(٥٠) | د. شۆڕش حسن عمر | ٢٠١٢ |
| ٤٧٢ | ڕۆڵـی (ی. ن. ك) لـەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥١) | ئەنوەر حسین | ٢٠١٢ |
| ٤٧٣ | دەروازەیەك بۆ ئاسایشی نیشتمانی هەرێمی کوردستان، نامیلکەی ژ(٥٢) | قادر حەمەجان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٤ | الـنظم الأنتخابیـة ونظـام انتخـاب مجلـس المحافظـات العـراق واقلـیم کردسـتان، نامیلکەی هۆشیاری، ژ(٥٣) | د. دەرباز محمد | ٢٠١٢ |
| ٤٧٥ | ئیدارەی کوردیو ئۆپۆزسیۆن، نامیلکەی هۆشیاری، ژ. (٥٤) | حەمە دۆستان | ٢٠١٢ |
| ٤٧٦ | المصالحة الوطنیـة بـین التحـدي والتحقیـق، نامیلکەی هۆشیاری(٥٥) | د. اسماعیل نامق | ٢٠١٢ |
| ٤٧٧ | الطالباني وجائزة نوبل للسلام، نامیلکەی هۆشیاری (٥٦) | یوناتا دیوخ موسی | ٢٠١٢ |
| ٤٧٨ | بەتایبەتیکردن وەك میتـۆدێکی ریفـۆرمی ئابوری، نامیلکەی هۆشیاری (٥٧) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٧٩ | ئیسلام‌و مۆدێرنێتەی سیاسی، نامیلکەی هۆشیاری(٥٨) | مۆریس بارییە | ٢٠١٢ |
| ٤٨٠ | (ی. ن. ك) پێناسەی حزبێکی سۆسیال دیموکرات، نامیلکەی هۆشیاری (٥٩) | نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٨١ | ملحوظات عامة ودروس مستنبطة من معارك الشمال في عام ١٩٦٤ | مديرية للتدريب العسكري بوزارة الدفاع العراقية | ٢٠١٢ |
| ٤٨٢ | بازرگانی چەك لەجیهاندا | نجم الدين فقى عبدالله | ٢٠١٢ |
| ٤٨٣ | دستور جمهورية العراق | دلاور عثمان مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٨٤ | التعددية السياسية واثرها على السلطة التشريعية | محمد صابر كريم | ٢٠١٢ |
| ٤٨٥ | بنەماکانی زانستە سیاسیەکان | ن: د. عەبدولڕەحمان عالم<br>و: دلاوەر عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٨٦ | قەیرانی قەرزە سیادیەکانی ناوچەی یۆرۆ | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١٢ |
| ٤٨٧ | گەندەڵی (هۆکار، کاریگەری، بەرەنگاربوونەوە) | حامد حاجی قادر | ٢٠١٢ |
| ٤٨٨ | الفساد والاصلاح | عماد صلاح عبدالرزاق | ٢٠١٢ |
| ٤٨٩ | ئەو پرۆژانەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ١٩٨٤ دا پێشکەشی حکومەتی عیراقی کردووە. | | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٩٠ | **کۆسرەت رەسوڵ عەلی لەپەرلەمانی کوردستان (١١/٤/١٩٩٣ – ٢٢/١٢/١٩٩٤)** | **ئامادەکردنی: مەسعودی مەلا هەمزە** | ٢٠١٢ |
| ٤٩١ | **سەفەری کوردایەتی (بیرەوەرییەکانی شاروشاخ) ١٩٧٤ - ١٩٨٠** | **شاخەوان عەباس** | ٢٠١٢ |
| ٤٩٢ | **کەلتور، ژمارە (٧)** | | ٢٠١٢ |
| ٤٩٣ | **رەهەندەکانی بیری سیاسی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهانی** | **فەرید ئەسەسەرد** | ٢٠١٢ |

چاپ: چاپخانەی حەمدی